گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مێژووی بزاڤی هونەری لە ناو شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی (1980-1983)

**د. شوان محمدامین تەها**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Shwan.taha@su.edu.krd

**أسامة جميل علي**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Osamajamel65@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/٢
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٩
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Art, Song, Music, Theater, Songer.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.10

## پوختە

مێژووی بزاڤی هونەری لە نێوان ساڵانی 1980-1983 ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، هونەر لە شاری هەولێر بۆ سەردەمی زووتر دەگەڕێتەوە، بەڵام بە شێوە ئەکادیمیەکەی بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا کاوێس ئاغا یەکەم کەس بووە لاوکی لەسەر قەوان تۆمار کردووە، پێشتریش لە چایخانەکانی ناو شاری هەولێر وەك: مەچکۆ، عەلی فلەیح، عەبۆ، حاجی مستیل لاوك و حەیرانی وتووە، لە ناوەڕاستی پەنجاکان تیپی مۆسیقای دەرسیم لە شاری هەولێر دروست بووە، لە حەفتاکانیش تیپی هونەری هەولێر دروست بووە، چالاکی تیپە هونەرییەکانی ئەو ماوەیە بە تایبەتی تیپی کچان باس کراوە. لە ساڵی 1921 شانۆگەری سەلاحەدینی ئەیوبی پێشکەش کرا، لەوە بە دوا چالاکی شانۆیی لە شاری هەولێر بەردەوام بووە، لە هەشتاکان بەرەو پێش چووە، بە هۆی بوونی کۆمەڵێك شانۆکار کە پەیمانگا و کۆلیژی هونەرە جوانەکانیان تەواو کردبوو، هونەری شێوەکاریش لە سییەکان سەری هەڵداوە، لە پەنجاکان بەرەو پێش چووە، چونکە کۆمەڵێك قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانیان تەواو کردووە، لە حەفتاکانیش هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێر بەرەو پێش دەچێ، لەڕێی چالاکی قوتابخانەکان و ئەو پێشانگا شێوەکاریانەی دەیانکردەوە، شێوەکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێچکەی زانستی خۆی وەرگرت، مێژووی بزاڤی هونەری لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ەوە تا ١٩٨٣کارابووە.

لەم ماوە مێژووییەی توێژینەوەکەدا جەماوەر بە تامەزرۆییەوە لە پێشهاتە هونەرییەکانیان ڕوانیووە، هونەرمەندانیش پەیامی نەتەوەکەیان گەیاندووە، دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران، بەهۆی فشاری حکومەت لەسەر هونەرمەندان، بوارەکانی هونەری لە پاشەکشەکردن دابوو، بەتایبەتی گۆرانی و مۆسیقا و شانۆ، چاودێری چڕی خرابووە سەر، بەشێک لە هونەرمەندان دەستبەرداری کارەکەیان بوون و بەشێک کۆچیان کرد و بەشێکی دیکەش کرانە سەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران، ئەو قۆناغە ڕەنگدانەوەی مەینەتییەکانی کورد بووە و زۆر جار لە بەرهەمەکانیان ئاماژەیان بە ستەمی دەسەڵات و بەدەستهێنانی ئازادی دەکرد، تەنانەت لەبەرهەمە مێژوویەکاندا بەتایبەتی شانۆگەرییەکان بە هێما، باسی دەوڵەتی کوردییان دەورووژاند.

## 1. پێشەکی:

ناونیشانی ئەم توێژینەوە (بزاڤی هونەری لە ناو شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی(1980-1983)ە هونەر بە هەر سێ بوارییەوە (گۆرانی و مۆسیقا – شانۆ – شێوەکاری)، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ کە هونەرە، بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری و ڕووداوی گرنگ لە ناوچەکە ڕوویانداوە، لە سەرووی هەمووان هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق – ئێران، کەوا کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری گەلانی عێراق هەبوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە، لە دەروازەیەك و سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە دەروازەدا ئاماژەیەکی خێرا بە مێژووی هونەری شارەکە پێش ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو کراوە، هەروەها ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەرە دابەشکراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا بە وردی تیشك خراوەتە سەر ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چالاکییانەی لە بواری گۆرانی و مۆسیقا لەم ماوەیەدا ئەنجام دراون، لەگەڵ دیاریکردنی گرنگترین ئەو تیپە هونەرییانەی کە لەو سەردەمەدا چالاکی گۆرانی و مۆسیقایان نواندووە .

لە تەوەرەی دووەمدا باس لە بواری شانۆ کراوە، هەروەها ئاماژە بەو تیپە هونەرییانە کراوە، کە لەو ماوە دیارییکراوەدا چالاکییان ئەنجام داوە، لەگەڵ نووسینی ناوی شانۆگەرییەکان و ڕێکەوت و شوێنی نمایش کردنیان، لە دوا تەوەرەدا کە تەوەرەی سێیەمە ڕۆشنایی خراوەتە سەر چالاکییەکانی هونەری شێوەکاری لە شارەکە بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ ناساندنی ئەو هونەرمەندانەی پێشانگای تایبەت بە تابلۆکانی خۆیان لە هۆڵە تایبەتی و هونەرییەکان نمایش کردبوو.

ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی توێژینەوەکە کەمی سەرچاوەی نووسراوە لەم بوارەدا، لەلایەن هونەرمەند و شانۆکار و شێوەکارانەوە، هاوکات لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیشدا، ئەم بوارە تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆش کراوە، بۆیە تاکە گرفت لەبەردەم توێژەر نەبوونی سەرچاوەی چاپکراو بووە، کە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەردەستە، بۆیە توێژەر بە پلە یەك پشتی بە چاوپێکەوتن بەستووە، لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەی کە بەشێکی سەرەکین لەو چالاکییانەی لەو ساڵانەدا ئەنجام دروان و دیدارەکان بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و سودی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە.

سەرچاوە بەکارهاتووەکان ئەم توێژینەوەیە پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوەی ڕەسەن بەستووە، لەوانە کتێبەکەی موحسین محەمەد بەناوی مێژووی شانۆی کوردی، ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان، بەرگی یەکەم، ساڵی 2019چاپ کراوە، کە زانیاری وردی تێدایە سەبارەت بە مێژووی چالاکی شانۆیی لە شاری هەولێر، کە خۆی گرنگیەکی زۆر بە ئەرشیف کردنی شانۆ داوە، هەروەها کتێبی ئەرشیفی چالاکیەکانی کۆمەڵە 1972 – 1999 کۆکردنەوە و ئامادەکردنی کەریم بایز، کە زانیاری وردی تێدایە دەربارەی چالاکیەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەولێر، لە هەموو بوارەکانی هونەردا، کە نووسەر خۆی ئەندامێکی سەرەکی کۆمەڵە بووە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ، کە سوودی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە، هەروەها کتێبی بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر لە نووسینی مەسعودی مەلا هەمزە، ئەوکتێبە سودی هەبووە بۆ کورتەی ژیانی هونەرمەندەکان و زانیاری تێدایە، هاوکات لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەم سەردەمەدا دەردەچوون و زانیارییان تێدابووە، وەك ڕۆژنامەی هاوکاری و عیراق کە سودیان لێ وەرگیراوە، لە هەمان کاتدا پشت بە کۆمەڵێك چاوپێکەوتن بەستراوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجام دراوە، کە بەشێك بوون لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییە هونەریانە، کە هەر سێ بوار دەگرێتەوە، چونکە کەموکوڕی هەبوو لە بواری کتێب و بەڵگەنامە و سەرچاوەی تایبەتمەند بەو بوارە.

**دەروازە :**

هونەر بەهەموو لقەکانییەوە(شانۆ و دراما و گۆرانی و مۆسیقا و ئۆپێرا و شێوەکاری)، بەشێکی گرنگن لە ژیانی مرۆڤ و سەرچاوەی داهێنانن، جگە لەوەش لایەنێکی دیاری ژیانن بۆ ئەوەی مرۆڤ گوزارشت لە هەست و جوڵە و ئەو بیر و بۆچوونانە بکا کە بیری لێ دەکاتەوە و دەیەوێ لە ژیانی ئاسایی خۆیدا بەرجەستەیان بکا(ویلسۆن، 2000: 7)، هونەر لە ڕوانگەی ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە بریتیە: لە دروست کردن و تەواوکردنی لاسایی کردنەوەی سروشت بە توانای خەیاڵ (تۆلستۆی، 2000: 5)، مەبەستمان لە هونەر شانۆ و دراما و سینەما و گۆرانی و مۆسیقا و شێوەکارییە، ئەمانەش چەندین لقیان لێ دەبێتە وە.

هەولێر بە یەکێك لە شارە دێرینەکانی جیهان دەژمێردرێت و بە کۆنترین شار دادەنرێت کە بە بەردەوامی ئاوەدان بووە و ژیانی تێدا نەوەستاوە و پارێزگاری لە ناوە کۆنەکەی خۆی کردووە، ئەم شارە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی و تۆبۆگرافییەوە دەکەوێتە بانوێکی تەختایی لە ناوچەیەکی پان و بەریندا کە بە دەشتی هەولێر دەناسرێتەوە، لە ئاستی ڕووی دە ریا 415 مە تر بەرزە و نێوان زێی گەورە و زێی بچووك سنووری پارێزگایەکەیە، ڕووباری دیجلە لە رۆژئاوایەوە و لە ڕۆژهە ڵاتیش سنوری عێراق و ئێرانە (کۆمە ڵێك مامۆستایانی زانکۆ، 2018: 11).

شاری هەولێر هەر وەك شارەکانی دیکەی کوردستان لە بواری هونەری نەخشی دیارە و پێشکەوتووبووە، یەکەم شانۆگەری لە کوردستانی عێڕاق پێشکەش کرابێ لەشاری هەولێر بووە، ئەویش شانۆگەری سەڵاحەددینی ئەیوبی بووە، لە ساڵی 1921 بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە (محەمەد، 2019: 24)، گیوی موکریانی یەکێك بووە لەوانەی لە پێشکەش کردنی شانۆگەری و ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە شاری هەولێر ڕۆڵی باشی بینیوە، لەمبارەیەوە گوتوویەتی: سە رەتا لە ماڵی سەیدۆك بەدزیەوە لە ترسی حکومەت ئاهەنگ و شانۆگەرییمان پێشکەش دەکرد، پاشان دەچووینە قەراغی شار و دەشت و دەر و لەوێ دوور لە چاوی حکومە ت ئاهەنگمان ساز دەکرد و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شانۆگەری و گۆرانیمان پێشکەش دەکرد، زۆر جار کە حکومەت پێی دەزانی پۆلیسی دەناردە سە رمان و لێیان دەداین و بڵاوەیان پێ دەکردین(تەنیا، 1984: 94). لە سەرەتای حەفتاکان و دوای رێکەوتننامەی 11ی ئازاری 1970، ئازادی زیاتر فەراهەم بوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دەیان تیپی هونەری دروست بوون و چالاکیان ئەنجام دا، تیپی میوزیك یان شانۆیی زۆر بوون و بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری هونەریان لە هەر سێ بواری (گۆرانی و مۆسیقا – شانۆ – شێوەکاری) پێشکەش کردووە، چونکە کۆمەڵێك قوتابی لە پەیمانگا و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان خوێندنیان تەواو کرد و دەستیان بە چالاکی کرد، دەیان شانۆگەری و وتنی چەندین گۆرانی و کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری، لە گرنگترین چالاکییەکانی ئەو قۆناغە بوو، سەرەتای ساڵی هەشتاکانیش کاری باش کرا، ئەگەرچی گرفت لەبەردەم چالاکی هونەری زۆر بوون، وەکو بەرپا بوونی جەنگی عێراق – ئێران لە 1980/9/4 و راپێچکردنی خەڵکێکی زۆر بۆ سەربازی بە هونەرمەندانەوە، هەروەها فشار خستنە سەر هونەرمەندان بۆ ئەنجام دانی چالاکی هونەری بۆ پیاهەڵدان بەم جەنگە و سەرۆکی ئەوکاتی عێراق سەدام حوسێن(السامرائی، 2016: 43).

## تەوەرەی یەکەم :تیپە هونەریەکانی گۆرانی و مۆسیقا لە شاری هەولێر لە 1980-1983

### یەکەم : تیپی هونەری هەولێر

ئەم تیپە بە نووسراوی ژمارە 712 لە رێکەوتی 1971/2/1 مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگرتووە(حەیدەر، 2016: 164)، دەستەی کارگێڕی ئەم تیپە لە هەریەك لە جەمال هیدایەت، عەدنان مەلا، وریا ئەحمەد، ئەکرەم عەللاف، رزگار خۆشناو و رەنجبەر خۆشناو پێکهاتبوون(ئەحمەد وریا، 2020/12/16)، ئەندامانی ئەم تیپە لە هەریەك لە: سالار شوکر، کامەران شوکر، سیروان شوکر، کارۆخ زرار، نەجات جەوهەر و جەمال جەلال پێکهاتبوون(موحسین، 2021/6/3)، (هیدایەت، 2021/8/8)، ئەم تیپە لە ساڵی 1980 تیپەکە ئەم بەرهەمانەی خوارەوەی لە گۆرانی و سروود تۆمارکردووە، گۆرانی بە لەنجە، وتنی محەمەد جەزا(1949 – 2010)، گۆرانی رۆژێ لە رۆژان، وتنی ئیبراهیم سابیر، گۆرانی دەسرە، وتنی تەنیا عارەب عوسمان، نیزام شوکر، گۆرانی هەی لەیلی، وتنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەنیا عارەب عوسمان، گۆرانی یارم لە هەواریە، وتنی عوسمان حوسین، گۆرانی ئەمان سەید زادە، وتنی جەلال سەعید(1953 – 2013)، دابەشکردنی میوزیکی ئەو گۆرانییانەی سەرەوە وریا ئەحمەد بوو(ئەحمەد وریا، 2021/12/16)، گۆرانی هەتیوێك بووم، وتنی ئیبراهیم سابیر، دابەشکردنی مۆسیقا جەلال عەزیز، گۆرانی بازی کوێسانان وەرە و لەبنەوار، وتنی قادر زیرەك، دابەشکردنی مۆسیقا رزگار خۆشناو، گۆرانی خرپنگە، وتنی محەمەد جەزا، دابەشکردنی مۆسیقا ڕزگار خۆشناو، گۆرانی ڕەنگی زەردم، وتنی ڕەحمان قوربانی، دابەشکردنی مۆسیقا سەید ئەحمەد بەرزنجی، گۆرانی بریندارم، وتنی تەنیا عارەب عوسمان، ئەم گۆرانییانە هەموو هۆنراوە و ئاوازەکانیان کۆن و فۆلکلۆر بوون، جگە لەمانە وریا ئەحمەد پارچە مۆسیقایەکیشی تۆمار کرد بە ناوی زەنگەڵێن(ئەحمەد وریا، 2021/12/16)، (ڕامان، 2021: 177)، لە ساڵی 1981 یش دا ئەم بەرهەمانەیان تۆمار کرد: گۆرانی نازیلەی نازدار وتنی نیزام شوکر، لە ستۆدیۆی تیپی هونەری هەولێرتۆمار کرابوو، گۆرانی تەمەن، وتنی خەلیل وەندی، لە هاوینە هەواری سەرێ ڕەش وێنەی گیرا بوو، گۆرانی بریندارم  وتنی تەنیا عارەب عوسمان، هۆنراوە و ئاواز فۆلکلۆر، گۆرانیەك بۆ نەجمەدین ئاوارە، کە ناوەکەی دیار نیە و پەخش نەکراوە . لە ساڵی 1982 ش ئەم بەرهەمانەیان تۆمار کرد: دوو گۆرانی بۆ نیزام شوکر بە ناوی ئەرێ هۆ لەیلی، لالە بە دەستان، چوار گۆرانی بۆ تەنیا عارەب عوسمان، بە ناوەکانی : ئەگەررۆژێ، لێمگەڕێ کچێ لێمگەڕێ، دێوانەم، پەرێشانم، دوو گۆرانی بۆ جەلال سەعید، بە ناوی بۆچی دەگری، تۆی نازەنینم، گۆرانی نەخۆشی دوو چاوی مەست، هۆنراوەی وەفایی، ئاوازو وتنی نەجمەدین ئاوارە(عوسمان، 2020: 277)، گۆرانی لە شەوبۆ شۆختری، وتنی ڕزگار ڕەشید، سەرجەم ئەو گۆرانییانە وریا ئەحمەد دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردبوو، گۆرانی تەمەن، هۆنراوەی جەمال شارباژێری، وتنی خەلیل وەندی، گۆرانی نەجیبە، وتنی ڕزگار ڕەنجەرۆ، ئاواز و دابەشکردنی مۆسیقای ئەم دوو گۆرانیە لە لایەن ڕزگار خۆشناو دانرابوو(خۆشناو ڕەنجبەر، 2021/2/10)، زۆربەی هۆنراوەو ئاوازەکانی ئەم گۆرانیانە کۆن بوون، جگە لەوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا(ڕامان، 1997: 16)،  (ئەحمەد وریا، 2020/12/16)، زۆربەی ئەو گۆرانیانەی لە سەرەوە باسمان کرد لە تەلەفزیۆنی (کەرکووك/ تأميم)[1]

[1] تەلەفزیۆنی کەرکوك لە 1967/11/18 دامەزرا، لەدوای بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوت 1972/6/1 ناوی تەلەفزیۆنەکە گۆڕا بۆ تەلەفزیۆنی تەئمیم، تا 1999/3/4 لە پەخش بەردەوام بوو(جەباری، 2021، 58).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەیان بۆ گیرا و پەخش کران، ئەم تیپە تا ئەندازەیەکی زۆر لەچالاکی وەستا، چونکە لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و هەواڵگری حکومەتی عێراقەوە فشارێکی زۆری خرایە سەر تا گۆرانی و سروود بۆ شەڕی عێراق - ئێران تۆمار بکەن، لەژێر ئەم هەڕە و گوشارانەدا هەندێك لە هونەرمەندان دانیشتن و وازیان لە چالاکی هونەری هێنا، هەندێکیشیان بوونە سەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کران، لە ئەنجامی ئەوە تیپی هونەری هەولێر ئەم بەرهەمانەی بۆ ئەم گۆرانیبێژانە تۆمار کرد، سروودەکان باسیان لە ئازایەتی سوپای عێڕاق و پاڵەوانیەتی سەرۆکی ئەو کاتەی عێڕاق سەدام حوسێن(1934-2006)، دەکرد(موحسین، 2021/6/3)، (سەرسپی، 2021/9/2).

**سروودەکان:**

سروودی زێڕە: ئەم سروودە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، چونکە ڕۆژانە پەخش دەکرا، هۆنراوەی خالید خۆشناو بوو، ئاوازی ئەم سروودە لە بنەڕەتدا لاسایی سروودێکی عەرەبی کرابووەوە، کەهۆنراوە و ئاوازەکەی هی ئاواز دانەری عێڕاقی فاروق هیلال بوو، ئەم سروودە بەدەنگی قوتابیانی کچانی خانەی مامۆستایان تۆمار کرا، لە تەلەفزیۆنی تەئمیمیش وێنەی گیرا، بێ ئەوەی تیپی مۆسیقای هەولێر بەشداری بکەن و وێنەیان دەربچێت(خۆشناو ڕەنجبەر، 2021/2/10)، ئەوکاتە ڕاپۆرتێك لەسەر ئەندامانی ئەم تیپە نووسرا و محەمەد پیرۆز ڕۆستەم ئەمینداری گشتی پەروەردە بانگی کردن و هەڕەشەی توندی لێکردن، ئەگەر بەشداری وێنە گرتنەکەی نەکەن ئەوا بەتوندی سزا دەدرێن، ئەوانەی بانگکران هەریەك لە: وریا ئەحمەد، ڕەنجبەر خۆشناو و ڕزگار خۆشناو بوون، ئەوانیش وتیان: ئێمە لەلایەن پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڕەشەمان لێکراوە، ئەگەر واز لە سروود نەهێنن بۆ قادسیە ئەوا دەتانکوژین، ڕەنجبەر خۆشناو کاغەزەکەی یەکێتی پیشان دان کەوا بۆی هاتووە و هەڕەشە ئامێزە، بەڵام محەمەد پیرۆز ڕۆستەم کاغەزەکەی لێ وەرگرت و هەڕەشەی لێکردن کەوا دەبێ گۆرانی بۆ قادسیە بڵێن ئەگەر نا توندترین سزاتان دەدەین، پاشان ڕەوانەی ئەمنی بەلدە[2] کران و پاش ماوەیەك وازیان لێهێنان(خۆشناو ڕەنجبەر، 2021/2/10)، وریا ئەحمە توانی بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی

[2] ئەمنی بەلدە لە شوێنی ئاسایشی بەلدەی ئێستا بوو، لە شەقامی 30مەتری کە دەکەوێتە بەرامبەر قوتابخانەی ناوەندی کۆماری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆی دەرباز بکا، کەوا لەو کاتەی داوایان لێکراوە ئەو نەخۆش بووە و نەیتوانیوە بەشداری بکا(ئەحمەد وریا، 2020/12/16)، سروودی ئەی سوپا، هۆنراوە و ئاوازی یەحیا مەرجان(1936 – 2016)بوو، بۆ تەلەفزیۆنی تەئمیم وێنەی گیرا، سروودی پاسەوانم مەرزەبانم، هۆنراوەی جەبار حەبیب، وتنی سابیر عەبدولرەحمان، سروودی بەهەوڵ و خەباتی سوپای قارەمان، هۆنراوەی جەبار حەبیب، ئاوازی ڕزگار خۆشناو، وتنی جەلال سەعید، سروودی بەڵین، وتنی زیاد ئەسعەد و سوهام حەسەن بوو، سروودی ڕاوەستن هۆنراوە و ئاواز و وتنی تەحسین تەها بوو، سروودی سوپای ئێمە، هۆنراوەی جەبار حەبیب و وتنی فوئاد ئەحمەد(1932 – 2004)بوو، سروودی ڕۆژهەڵات، هۆنراوە و ئاوازی ڕزگار خۆشناو، وتنی شێرزاد عەبدولرەحمان بوو، سروودی دوژمن، وتنی نەجمەدین ئاوارە و ئازاد قەرەداغی بوو، جەبار ئەحمەدیش دوو سروودی تۆمار کرد، یەکەمیان ئەی خومەینی جادووکەر، دووەمیشیان سەدام سەدام، هۆنراوەکانی ئەم دوو سروودە هی جەبار حەبیب بوون، ئاوازیشی هی ڕزگار خۆشناو بوون(موحسین، 2021/6/3).

هەروەها کەریم بایز سروودی هەرنە پێشی تۆمارکرد، هۆنراوە و ئاوازی عەلی مەردان بوو، لە ساڵی 1941 بۆ فەلەستینی وتبوو، کەریم بایز تازەی کردەوە و بردی بۆ ئێسگەی بەغدا، سەعید زەنگەنە لە لیژنەی هەڵسەنگاندن بوو، ئەم سروودەی ڕەتکردەوە، چونکە دەڵێ: وڵاتمان داگیر کراوە، سەعید زەنگەنە وتبووی: کەی ئێمە وڵاتمان داگیر کراوە، سوپای ئێمە دەستی بەسەر نیوەی ئێران داگرتووە، وا نووسراو بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووکیش دەکەم (تەئمیم) تا پەخشی ئەم گۆرانییە بوەستێنن(بایز،2021/8/10)، ڕەسوڵ گەردیش(1922 – 1994) چەند سروودێکی لە بەغدا تۆمار کرد، دیارترینیان پۆڵا ڕێزە بوو(سەرسپی، 2021/8/2)، عەبدوڵلا دڵسۆزیش( کۆمەڵێك سروودی تۆمار کرد، ئەم سروودانە لە تەلەفزیۆنی تەئمیم وێنەیان گیرا و ڕۆژانە پەخش دەکران، بەڵام تەنها گۆرانیبێژەکە دەردەچوو(خۆشناو ڕەنجبەر،2021/2/10)، (موحسین، 2021/6/3). لەبەر ئەو فشارە زۆرەی لەسەر تیپی هونەری هەولێر هەبوو، تیپەکە چالاکییەکانی وەستا، تا ساڵی 1991 نەیتوانی هیچ بەرهەمێك تۆمار بکا، چونکە هەر بەرهەمێکیان پێشکەش بکردایە، دەبوایە سروودێکیش بۆ قادسیە تۆمار بکەن(سەرسپی، 2021/8/2)، لەو ڕۆژگارە ئاسان نەبوو سروود بۆ ئەو شەڕە بڵێن، چونکە هەم لەناو جەماوەر دەشکان و هەم دەکەوتنە بەر هەڕەشەی پێشمەرگە، جگە لەوەش بەشێك لە ئەندامانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم تیپە وازیان لەو تیپە هێنا، بۆ نمونە ڕزگار خۆشناو لەم تیپە دەرکرا، چونکە ئاهەنگی تایبەتی ساز دەکرد، دەستەی کارگێڕی بڕیاری دەرکردنیان دا بە تۆمەتی دروستکردنی تیپ لەناو تیپ و بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکان بێ پرسی دەستەی کارگێڕی تیپ(خۆشناو ڕەنجبەر، 2021/2/10)، جگە لەوەش هەندێك لە گۆرانیبێژەکان یا وازیان هێنا یان چوونە هەندەران یا کۆچی دواییان کرد، بۆ نمونە شێرزاد عەبدولڕەحمان وازی هێنا و دەستی دایە کاری ڕۆژنامەنووسی، سابیر عەبدولڕەحمان لە ساڵی 1984 بە خێزانەوە چووە هەندەران(کرمانج، 2017: 269)، محەمەد جەزا لە ساڵی 1981 دەبێ بە سەرباز و پاشان سەربازی جێدێڵێت و ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە(عوسمان، 2020: 272)، قادر زیرەکیش لە 1980/7/17 بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل کۆچی دوایی کرد(عوسمان، 2020: 323)، بەشێکی زۆری گەنجەکانی ئەم تیپەش بوونە سەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران(ئەحمەد وریا، 2021/12/16).

**دووەم : کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی**

ئەم تیپە سەر بە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر بوو، مەڵبەندی گشتی کۆمەڵە لە شاری سلێمانی بوو، لە ساڵی 1972 کۆمەڵێك نووسەر و هونەرمەندی شاری هەولێر داواکاریەکیان ئاراستەی پارێزگای هەولێر کرد بۆ کردنەوەی لقێکی کۆمەڵە لە هەولێر، لە 1972/6/24 پارێزگا مۆڵەتی پێدان و ڕۆژی دواتر بارەگایان کردەوە(بایز، 1999: 9)، ئەم تیپە لە چالاکی هونەری بەردەوامە تا ئەمڕۆ، بەڵام لە ساڵی 1980 بەدواوە، بە حوکمی بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردستان گۆڕانکاری بەسەر دادێ و شەڕی عێراق - ئێران بەرپا دەبێ، چالاکی هونەری ئەم تیپە ڕوو لە کزی دەکات و گرفتی زۆریان بۆ دروست دەبێ، بۆیە تەنها لە ساڵی 1980 -1981 دوو گۆرانیان لە تەلەفزیۆنی تەئمیم تۆمار کرد، بۆ گۆرانیبێژان موحسین عەباس، گۆرانی گیانە وا شەو درەنگە، هەروەها گۆرانی گوڵنیشان بۆ گۆرانیبێژ دلێر سالح، ئەم دوو گۆرانییە هونەرمەند ڕزگار خۆشناو ئامادەی کردبوون(بایز، 1999: 9). بە گشتی لە ساڵانی 1980 تاوەکو 1983کۆمەڵە ئەم گۆرانیانەی تۆمار کردووە و پاشانیش لە تەلەفزیۆنی تەئمیم وێنەی گیراوە (بایز، 1999: 107-108)، (باوەکر، 2021/5/23).

**سێیەم: تیپی کاوە (نەقابەی کرێکاران)**

لەساڵی 1980 لەلایەن هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی(1952 – 1999) دامەزرا، لە ڕووی کارگێڕی کەمال کاوانی سەرۆکی نەقابەی کرێکارانی هەولێر سەرپەرشتی دەکرد، سەید ئەحمەدیش لەڕووی هونەری، چونکە سەر بە نەقابەی کرێکاران بوو، پێویستی بە مۆڵەتی ڕەسمی نەبوو، ئەندامانی ئەم تیپە ئەمانە بوون: نەجمەدین باوەکر، زرار بەکر و عەلی مامەند، زانیار بەرزنجی، ئەحمەد حەسەن، جوامێر سامان عەزیز و شوان نامیق، بەختیار کۆیی، حەبیب سابیر، زوهێر تەحسین،نەجمەدین بابەکر، ئازاد حەلاق(هیرانی ،2021/7/6)، ئەم گۆرانیبێژانە لەم تیپە کاریان دەکرد: بورهان خۆشناو، عارەب عوسمان، ڕزگار ڕەشید، جەلال پەرێشان، ئیسماعیل قوربانی، میران هەرکی، فاخیر مەخموری، کەمال عوسمان و هیتۆ غەفور (شاکر، 2021/7/6)، لە ساڵی 1982چەند گۆرانیەکیان بۆ ئەم هونەرمەندانە لە تەلەفزیۆنی تەئمیم تۆمارکرد: عارەب عوسمان گۆرانی باگییێ، میران هەرکی کێروشکە، نەشێ نەشێم، بەژناتە،خانمێ لێ خانمێ(کرمانج، 2017: 301)، ڕزگار ڕەشید گۆرانیەکی حەسەن زیرەك، ئیسماعیل قوربانی نایلۆنە، بورهان خۆشناو لەدەستم دێ و لەیلێ زەمان گۆڕاوە(شاکر، 2021/7/6).

**چوارەم : تیپی هونەری لاوان**

ئەم تیپە سەر بە بنکەی لاوانی شەهید ئیبراهیم (سێتاقان) بوو، ساڵی 1982 لەلایەن شێرزاد عوزێری دامەزرا و هەرخۆشی لەڕووی هونەرییەوە سەرپەرشتی دەکرد و حەوت برای خۆی لەگەڵ بوون لەم تیپە، گرنگترین ژەنیارەکانی ئەم تیپە ئەمانە بوون: سەروەر عەبدولخالیق ، گەیلان عەبدوڵلا، زۆزگ زرار، قەیس عەزیز، لوقمان بەرزنجی(موحسین، 2021/6/3)، ساڵی 1983 ئەم گۆرانیانەیان لە تەلەفزیۆنی تەئمیم تۆمارکرد: یارەکەم چاوی شینە، وتنی دلێر محەمەد ساڵح، گۆرانی ساڵەهای ساڵە، وتنی سەڵاح خدر بلباس، گۆرانیەك بۆ ئەحمەد زێباری(موحسین، 2021/6/3).

**پێنجەم : تیپی شیلان**

لەسەر شێوازی ڕۆژئاوایی بوو، ڕزگار خۆشناو لە ساڵی 1981 دایمەزراند و سەر بە بنکەی لاوان بوو(خۆشناو ڕەنجبەر، 2021/2/10)، ئەندامانی ئەم تیپە ئەمانە بوون: پایەدار موحسین، ڕێبوار مستەفا، تاریق جەمیل، عیماد جەمال و نیاز محیەدین بوون. گۆرانیبێژەکانیش سەڵاح نەجمەدین و

سەلام محەمەد بوون. لە ساڵی 1981 کاسێتێکی گۆرانیان بۆ سەڵاح نەجمەدین و سەلام محەمەد تۆمار کرد، لەم کاسێتەدا سەڵاح گۆرانی نانا مەرۆ و دڵ چووە مەکتەبێ وتبوو، سەلام محەمەدیش گۆرانی نەسرین گیان و ساڵەهای ساڵەی وتبوو، ئەم تیپە لە ساڵی 1981 و 1982 بەشداری فێستیڤالی بنکەی لاوانی عێراقی کرد بوو لە بەغدا، ڕزگار خۆشناو لەم تیپە گیتاری لێدەدا، لەکاتێدا بەوە ناسراوە ژەنیاری عود بوو، ئەم تیپە لە ساڵی 1982 نەما، چونکە ڕزگار خۆشناو گەشتێکی بۆ وڵاتی نەمسا کرد و لەوێ داوای پەنابەرێتی سیاسی لە حکومەتی نەمسا کرد و نەگەڕایەوە(خۆشناو ڕەنجبەر،2021/2/10)، (موحسین، 2021/6/3).

**شەشەم : تیپی مۆسیقای خانزاد**

لەساڵی 1982 دامەزرا، کاتێك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داوا لە وریا ئەحمەد دەکەن تیپێکی تایبەت بە ئافرەتان دابمەزرێنێ، ئەویش بە هاوکاری میوزیك ژەن جان تۆماس ئەم تیپە دادەمەزرێنن (ئەحمەد وریا، 2021/12/16)، وریا ئەحمەد و جان تۆماس لە قوتابخانەی قەدەمخێری کچان خولێك دەکەنەوە و قوتابیانی قۆناغی ناوەندی وەردەگرن(ئەحمەد وریا، 2020/12/16)، ژمارەی بە شداربوان زیاتر لە 20 کەس بوون(موحسین، 2021/6/3)، ئەم تیپە لە دووبەش پێکهاتبوو، کوڕان و کچان، کچەکان ئەمانە بوون: ڤیان فائق، سۆزان فائیق، ناسك عیزەدین( ناسك یەکەم ئافرەتە بەشی مۆسیقای تەواو کردووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسل)، فاتن فاروق، شوعاع، (سەرسپی، 2021/9/2)، تیپی کچان لە ساڵی 1982 پێنج گۆرانییان بۆ تەلەفزیۆنی تەئمیم تۆمار کردووە، کە ئەمانەن: هۆبزەندان، وەز تاسەمە، دەك نەمینێم، لێ نورێ لێ نورێ و لۆرکێ لۆرك، ئەم گۆرانیانە هۆنراوەو ئاوازیان فۆلکلۆر بووە و وریا ئەحمەد ئامادەی کردبوون، هەر پێنج گۆرانیەکە بە دەنگی گۆرانیبێژ ڤیان فائیق تۆمار کراون(موحسین، 2021/6/3)، (ئەحمەد وریا، 2020/12/16)، لە ساڵی1982 لە شاری بەغدا بەشداری فێستیڤاڵی ساڵانەی یەکێتی ئافرەتانیان کرد، چەند گۆرانییەکیان پێشکەش کرد و سەرنجی نیهال یونس (سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی عێراق)ی ڕاکێشا، بۆ ئەم مەبەستە بانگی وریا ئەحمەد دەکات و هاوکاریەکی مادی و مەعنەوی باشی تیپەکەی کرد، هەروەها 100 ئامێری میوزیکی بەدیاری پێ بەخشین، ئەم تیپە 4 ساڵ لەسەر یەك یەکەمی فێستڤالی ساڵانەی یەکێتی ئافرەتانی عێراق بوون و خەڵات کران(ئەحمەد وریا، 2020/12/16).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشی کوڕانی تیپەکەش ئەمانە بوون: نەجات جەوهەر، زانیار موحسین، شوان عەبدولکەریم، هیوا جەمال، بژار دیلان، سیروان جەمیل، کارۆخ زرار، ڕەوەز ئیسماعیل، پایەدار موحسین، لوقمان جەوهەر، نەوزاد گەنجۆ، نەجمەدین باوەکر(جەوهەر، 2021/6/3)، (باوەکر، 2021/5/23)، لەساڵی 1982 ئەم تیپە بەشداری فێستیڤاڵی ساڵانەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی کرد لە هۆڵی ڕۆشنبیری و تێیدا ئەو بەرهەمانەی پێشکەش کردووە، ئەندازیاری دەنگی ئەم فێستیڤاڵە پایەدار موحسین بوو، وریا ئەحمەد سەرپەرشتی ئاواز و مۆسیقای ئەم تیپەی دەکرد و لەو فێستیڤاڵەش پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا(ئەحمەد وریا، 2021، چاوپێکەوتن).

**حەوتەم: تیپی ڕۆژئاوایی تریڤا**

ئەم تیپە ساڵی 1982 لەلایەن پایەدار موحسین دامەزرا، ئەندامانی ئەم تیپە ئەمانە بوون: زانیار موحسین، قەیس عەزیز، سیروان جەمیل، سەباح حەیدەری، ڕەوەز ئیسماعیل، ڕزگار عەزیز، هیچ بەرهەمێکی تۆمار کراو و وێنە گیراویان نییە، چ لە کاسێت و چ لە تەلەفزیۆنی تەئمیم، تەنها لە بۆنە و شوێنە گەشتیارییەکان و کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین  ئاهەنگیان ساز دەکرد(موحسین، 2021، چاوپێکەوتن)، (بەرزنجی، 2021، چاوپێکەوتن)، (شاکر، 2021،  چاوپێکەوتن).

**هەشتەم: تیپی هونەری میللی هەولێر**

ساڵی 1979 تیپی هونەرە میللییەکانی عێراق دێنە شاری هەولێر و چەند تابلۆیەکی شایی و هەڵپەڕکێی عەرەبی و عێراقی نمایش دەکەن(عەبدولڕەحمان سابیر، 2021/6/14)، ئەم نمایشە هانی کۆمەڵێك هونەرمەندی هەولێر دەدا بیر لە دامەزراندنی تیپێك بکەنەوە وەکو ئەوەی بەغدا، لەو هونەرمەندانە سابیر عەبدولڕەحمان، ڕزگار خۆشناو، شێرزاد سەرسپی، وریا ئەحمەد و حەمید مەرمەڕچی بوون(مەجید، 2020: 67)، لە ڕێکەوتی 1979/5/2 ڕەزامەندی وەردەگرن و ئەم تیپە دادەمەزرێ، سەرەتا داوای هاوکاری لە هونەرمەندی عێراقی سەلمان محەمەد دەکەن تا پڕۆڤە بەم تیپە بکات و بە شێوەیەکی زانستی ڕایان بێنێ لەسەر هونەری شایی و هەڵپەڕکێ، ئەویش دەست بەکار دەبێ و سەرەتا کار لەسەر جوانی  لەش و لاری سەماکارەکان دەکا، پاشان چەند تابلۆیەك ئامادە دەکا و دەست بە پڕۆڤە دەکەن(عەبدولڕەحمان سابیر، 2021/6/14)، ئەندامانی ئەم تیپە ئەمانە بوون:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەبدولعەزیز مەجید، سوبحی کۆیی، هیمداد لەشکری، پشتیوان لەشکری، سوهام حەسەن، سەلیم فەتاح، مەعروف موحسین، قادر کوردی، مستەفا ڕەنجەڕۆ، سەرکەوت خدر و ڕوناك محەمەد(عەبدولڕەحمان سابیر، 2021/6/14)، لە گۆرانیبێژکانی ئەم تیپەش جەلال سەعید، نیزام شوکر، عارەب عوسمان، ساڵح سەرچناری و سابیر عەبدولڕەحمان ، سەرەتا سەلمان محەمەد سێ تابلۆی ئامادە کرد و ڕاهێنانی بە تیپ کرد، تابلۆکان ئەمانە بوون: تابلۆی نەورۆز، ئامادەکردن و ڕاهێنان سەلمان محەمەد، دانانی میوزیك ڕزگار خۆشناو، تابلۆی شوان، ئامادەکردن و ڕاهێنان سەلمان محەمەد و دانانی میوزیك وریا ئەحمەد، تابلۆی بادینی، ئامادەکردن و ڕاهێنان سەلمان محەمەد و ئامادەکردنی میوزیك جەمال جەلال (ئەحمەد وریا، 2020/12/16)، پاشان هونەرمەندی ئەرمینی ڕەشیدیان فارتیکیس دێتە شاری هەولێر و دوای ئەنجامدانی گەشتێك بە شار و لادێکانی کوردستان سێ تابلۆ ئامادە دەکا و کۆی تابلۆکان دەبن بە شەش تابلۆ(عەبدولڕەحمان سابیر، 2021/6/14)، تابلۆکانی ڕەشیدیان ئەمانە بوون: دروێنە، ئامادەکردن و ڕاهێنان ڕەشیدیان، میوزیك شێرزاد سەرسپی، لۆرکێ لۆرکێ، ئامادەکردن و ڕاهێنانی ڕەشیدیان، میوزیك شێرزاد سەرسپی، کوێستان، ئامادە کردن و ڕاهێنانی ڕەشیدیان، ئامادەکردنی میوزیك شێرزاد محەمەد حوسێن(مەجید، 2020: 7)، ئەم تابلۆیانە لە 1980/7/17 لە شاری هەولێر نمایش کران و دەنگدانەوەیەکی زۆری بوو(سەرسپی، 2021/9/2)، لە مانگی 3 ی 1981 دا ئەم تیپە بەشداری فێستیڤاڵی بەهاری کرد لە شاری موسڵ، جگە لە تیپی هونەری هەولێر تیپی هونەری بەسرە و بەغداش بەشداریان لەم فێستیڤاڵە کرد و تیایدا بە بڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر پلەی یەکەمی بەدەست هێناو خەڵاتی یەکەمی پێبەخشرا(مەجید، 2020: 68)، پاشان ئەم تیپە گەشتێکی هونەری ئەنجامدا بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لەوێ نمایشێکی جوانیان پێشکەش کرد، هەر لەبەر ئەوە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بانگهێشتنی کردن و چوون لە مۆسکۆی پایتەختدا دوو نمایشیان ئەنجام دا، ئنجا چوونە هەرێمی ئۆکرانیا و لە شاری (ڕێگە) تابلۆیەکی هاوبەشیان لەگەڵ تیپی هونەری میللی ڕێگە ئەنجام دا(مەجید، 2020: 69).

لە ساڵی 1982 گەشتێکی دیکەیان ئەنجامدا بۆ وڵاتی نەمسا و لەوێ کۆمەڵێك تابلۆیان پێشکەش کرد و بووە جێی سەرنجی خەڵکی نەمسا، لەکاتی مانەوەی ئەم تیپە لە نەمسا چەند ئەندامێکی ئەم تیپە وەکو حەمید مەجید و بێجان شێرەسواری لەم تیپە جیا دەبنەوە و داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وڵاتی نەمسا(خۆشناو ڕەنجبەر، 2021/2/10). ئەمە وادەکا حکومەتی عێراقی گەشتی دەرەوە لەسەر ئەم تیپە قەدەغە بکا، بەهۆی بوونی شەڕی عێراق – ئێران و هاوکات کۆمەڵێك لە کوڕانی ئەم تیپەش ڕاپێچی سەربازی کران، ئیدی ئەم تیپە لە چالاکی دەوەستێت تاوەکو دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991(عەبدولرەحمان سابیر، 2021/6/14).

**مێژووی هونەر لای تورکمانەکانی هەولێر:**

سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقا لای پێکهاتەی تورکمانەکان، ئەوان هەر لە کۆنەوە بەوە ناسراون دەستێکی باڵایان هەیە لە گۆرانی و مەقامات، بە هەردوو شێوەی مقام و قۆریات گۆرانیان وتووە، مەقامی تورکمانی لە هەولێر سەریهەڵداوە، بەڵام قۆریات لە کەرکوکەوە هاتۆتە هەولێرمەقامیش دەبێتە دوو جۆر: ئاسلی چەرەم و دیوان یان ئۆرفە، گۆرانیبێژەکانی هەولێر بە هەردوو جۆر وتوویانە، ئاسلی چەرەم داستانە و دەیگێڕنەوە، وەکو شیرین و فەرهاد و لەیلا و مەجنون، چەرەم ناوی کوڕێکی عاشق بووە و کچەکەش ناوی ئاسلی بووە، ئەم داستانەیان وەکو حیکایەت بە دەنگێکی خۆش لە سەر قەڵا وتۆتەوە، لە دیوەخانی پیاو ماقووڵانی وەك مەلا فەندی ومەلا محەمەدی موفتی و (باوکی قازی ڕەشادە فەندی) و ئەحمەدە فەندی یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر و ئەدیباغای ئەسعەدی و عەلیاغای عوزێری(حوسێن، 2021، چاوپێکەوتن).

هەروەها لە چایخانەکانیش وتوویانەتەوە، وەکو چایخانەکانی حاجی وەلی چایەچی، سەید جەمیل چایەچی، چایخانەی وەستا ڕەزا، عەلی فلەیح چایەچی، قاوەخانەی عەبۆ، مەچکۆ و حاجی عەبدوڵلای خەیاڵ، ئەوانەی چەرەمیان دەووت ئەمانە بوون: حاجی جەمیل قاپقاپچی، حاجی عەبدوڵلای خەیاڵ، مەمۆ کارگەچی، مشکۆ، حەیدەرە کەچەڵ، مام جوبرائیل، سەید ئیسماعیل مەولود خین، مام حەمید کورەچی، شاکر حەمە فارس، چەرەم لە ئاهەنگی مەولودەکان لە ماوەی پشوودا دوو کەس یان سی کەس بەرامبەر یەکتر دەیانووت، کە قەوان پەیدابوو، یەکەم کەس کە بەرهەمی بەتورکمانی تۆمارکرد لە ساڵی 1959 حاجی فائیق محەمەد سوڵتانی بازرگان بوو، پاشان محەمەد ئەحمەد ئەربیلی و یونس خەتات و محەمەد عاشق چوونە ئێسگەی بەغدا و چەند گۆرانی و مەقاماتێکیان تۆمار کرد (حوسێن، 2021، چاوپێکەوتن).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی 1939 کامل کاکەمینی بەڕێوەبەری ئێسگەی بەغدا هاتە هەولێر و داوای لە گۆرانیبێژانی هەولێر کرد بچن بەرهەمەکانیان لی ئێسگەی بەغدا تۆمار بکەن، بەڵأم جگە لە حەسەن خوچێ کەسیان ئامادە نەبوون بچنە بەغدا، ئەو چوو دوو گۆرانی لە هەوادا وت، یەکیان لە سەر مەقامی حیجاز بوو، ئەویدیش مەقامی نیوەشەوێ، ئەوانی دی بۆیە نەچوون دەنگیان تۆمار کەن چونکە ئەو کاتە عەیبە بوو، خەڵك بە مۆوتریب و چاوەش بانگی دەکردن (جامباز، 2021، چاوپێکەوتن)، جۆرێکی ترمان هەیە لە گۆرانی وتن کە پێی دەڵێن گەعدە، بە تورکمانی پێی دەڵێن (ئەکلەنجە)، ئەمە لە ناو ماڵان بوو، مشکۆ و محەمەد ئەحمەد و جەلال حەردان و حەیدەرە کەچەڵ و جەبار ئەحمەد و یونس خەتات و محەمەد عاشق بەشداری ئەکلەنجەیان دەکرد و لەتیف چەقماقچی تۆماری دەکرد .لە ئاهەنگی ژن هێنان دا خەڵکەکە دەبوونە دوو بەش : پیرەکان حەزیان لە مەولود خوێندنەوە بوو، گەنجەکانیش ئەکلەنجە، بۆ ئەوەی دڵی هەردوولا ڕازی بکەن، سەرەتا بە مەولود خوێندنەوە دەستیان پێ دەکرد و پاشانیش ئەکلەنجە(هیدایەت، 2021، چاوپێکەوتن).

بێجگە لە موسوڵمانەکان لە شاری هەولێر کۆمەڵێك جووی دەنگ خۆشیش هەبوون کە گۆرانی و مەقاماتیان دەووت، لەوانە: حسقیل قەساب، داود جەمۆ، نەسیم بازرگان، سلێمانە جوو، ئەمانە بە کوردی و عیبری و تورکمانی گۆرانی و مەقاماتیان دەووت، زەکی بارۆخیش کەمانجە ژەن بوو، لە زۆربەی گۆرانی و لاوکەکانی کاوێس ئاغا بە ژەنینی ئامێری کەمان بەشداری کردووە، هەروەها یەعقوب عەزراش عوودی لێدەدا و هونەرمەند واحید مەرجان لە عەشقی ئەو فێرە عود ژەنین بووە، شەهابەی هەولێری یەکێك بووە لە گۆرانی بێژە هەرە بە تواناکانی هەولێر کە بە تورکمانی و کوردی و عەرەبی و فارسی گۆرانی وتووە، مەلا فەندی زۆر گرنگی پێداوەو هەر خۆی بە خێوی کردووە، کاتێ لە ساڵی 1931 شا فەیسەڵی یەکەمی شای عیراق دەمرێ، لە هەولێرِ تازیەی بۆ دادەنێن و شەهابە قورئان دەخوێنێ، زۆربەی گۆرانی بێژە تورکمانەکان لە ئەکلەنجە و ئاهەنگی بووك گواستنەوە و مەولود دا گۆرانیان وتووە، کەمتر چوون بۆ ئێسگە بۆ تۆمار کردنی گۆرانی و مەقامات، بەڵام لە ساڵی 1970 بەشداریان کردووە لە ئاهەنگی یازدەی ئازارو گۆرانیان وتووە، لە دارەتوو ئاهەنگێك ساز دەکرێ و تاهیر تۆفیق و ڕەسول گەردی و فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها بەشداری دەکەن، لە تورکمانەکانیش جامیلە بەشداری دەکا بە حەیرانێك و مەقامیکی تورکمانی(هیدایەت، 2021، چاوپێکەوتن).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ساڵی 1970 بە دواوە ئەم گۆرانیبێژە تورکمانانە سەریان هەڵدا: یەشار مشکۆ، سالم فەتاح، نەجات ئاڵتونچی، ئیبۆ خەیات، جەمال جەمباز، ئەمانە زیاتر بەشداری ئەکلەنجەیان دەکرد(جەمباز2021، چاوپێکەوتن)، لە ساڵی 1975 لە ناحیەی تازەی شاری کەرکوك موقابەلەیەکی سێ سعات و نیوی لە نێوان مشکۆ و هابەی کەرکوکی ڕوویدا، ئیدی دوای ئەوە کێبڕکێ لە نێوان هەولێر و کەرکوك دروست بوو لە سەر ئەکلەنجەو مەقامات وتن(حوسێن، 2021، چاوپێکەوتن).

لە قۆناغی هەشتاکان لە ناو تورکمانەکانی شاری هەولێر جگە لە مشکۆو جەلال حەردان و محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، چەند هونەرمەندێکی تازە لە بواری مەقامات و بەستەو ئەگلەنجە دەرکەوتن، لەوانە : ئەحمەد کورێ، ئازاد حلۆبی قەساب، عەبدوڵلا خەتات، هێواز کورەچی، سەدرەدین کورەچی (جەمباز، 2021، چاوپێکەوتن)، ئەمانە لە گەعدە و بوك گواستنەوەکان گۆرانییان دەوت و بەشداری ئەگلەنجەیان دەکرد، تیپی مۆسیقاش لەگەڵیان بووە و ئەو بەرهەمانە لە سەر کاسێت تۆمار کراون و هەندێکیشیان بە کامیرای ڤیدیۆ وێنەیان گیراوە، لە ناو تورکمانەکانی هەولێر لە کاتی خەتەنەکردنی منداڵیش ئاهەنگ ساز دەکرێ، سەرەتا بە خوێندنەوەی مەولود دەست پێدەکا و پاشان دەست دەکەن بە ئەگلەنجە(حوسێن، 2021، چاوپێکەوتن)،

ئەم هونەرمەندە تورکمانانە هیچیان نەچوون بۆئێسگەی بەغدا بەشی کوردی و تەلەفزیۆنی تەئمیم بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان، ئەوانەی کە چووشبن بەرهەمیان بە زمانی کوردی تۆمار کردووە نەك تورکمانی، وەکو جەبار ئەحمەد کە چەند گۆرانیەکی بەزمانی کوردی بۆ تەلەفزیۆنی تەئمیم تۆمار کردووە، هەندێکیان سروود بوون بۆ شەڕی عێراق ئیران و ئەوانیدیش گۆرانی دڵداری، لە ساڵی 1982 سروودی نەورۆزلەگەڵ تیپی هونەری هەولێر، لەگەل نیزام شوکرو جەلال سەعید بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار دەکەن (ئەحمەد وریا، 2021، چاوپێکەوتن) .

**عەنکاوە:**

دەربارەی گۆرانی و مۆسیقا لای مەسیحیەکانی عەنکاوە، ئەوان لە کۆنەوە ئاشنای گۆرانی و مۆسیقا بوون، بە حوکمی ئەوەی لە کەنیسەکان گۆرانی و تەراتیل بەشێکە لە سرووتی ئاینی مەسیحی، بۆیە زۆربەی شەماشەکانی کەنیسە خاوەن دەنگێکی خۆشبوون و لە بۆنە ئاینیەکان گۆرانیان وتووە، هەندێکیشیان شمشاڵ ژەنی بەتوانابوون، یەکێك لەوانە مەتێ پەترۆس شابۆ عەزمەت بوو، لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سییەکانی سەدەی ڕابردوو شمشاڵ ژەن بووە و خاوەن دەنگێکی بەهێزیش بووە، بە سریانی گۆرانی وتووە و حەیرانیشی بە زمانی کوردی وتووە، زۆر جار داوایان لێکردووە دەنگی لە گرامافۆن تۆمار بکا، بەڵام خێزانی ڕازی نەبووە، لە ترسی ئەوەی نەوەك دەنگی لە ناو ئەو ئامێرە زیندانی بکرێ و ئیتر نەتوانێ نە گۆرانی بڵێ و نە قسە بکا (هبی، 2017، 365) .
لە ساڵی 1940 بەرەو دوا کۆمەڵێ گەنجی دەنگ خۆش لە عەنکاوە سەریان هەڵدا و دەستیان بە گۆرانی وتن کرد، لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا، حن عتۆ شەمعون، شابۆ حنۆ هما ئەلمالح، عەبدولمەسیح پەترۆس ڕواله کۆندا، مەنسور تۆبیا .لە ساڵی 1960 یش عەبدولمەجید یەعقوب جبرائیل کلیانا دەستی بە گۆرانی وتن کرد، ئەمە خاوەن دەنگێکی زۆر خۆش بووە، زۆر جار گۆرانیەکانی تاهیر تۆفیقی وتوەتەوە، کۆمەڵێك گۆرانیشی لە سەر کاسێت تۆمار کردوون، تاوەکو لە ساڵی 1994 مردووە بەردەوام بووە لە گۆرانی وتن (عتۆ، 2021، چاوپێکەوتن) .لە ساڵی 1970 بەرەو سەر کۆمەڵێك گەنج دەرکەوتن، فێری ژەنینی ئامێری مۆسیقی بوون و لە یالّی 1973 یەکەم تیپی مۆسیقیان دامەزراند، گەنجەکان ئەمانە بوون : حنا مەنسور، ئیلیا شەمعون، نیعمەت هورمز ئەلحەکیم، سەباح شەمعون، جەبار بەهنان، عیماد حنا، عەزیز سلێوا، عەزیز پەترۆس، ئەم گۆرانیبێژانەشیان لەگەڵ بوو :فەرید ئیسحاق کۆندا، حەبیب ئیسحاق شینا، سەمیر ئیسحاق، سالم شعیا (هبی، 2017، 365) .
لە ساڵی 1975 تیپێکی نوێ لە عەنکاوە دامەزرا بە ناوی (angels) واتە فریشتە، ئەم تیپە لەلایەن ئازاد یۆنادم و ودمن بنیامین ویۆئالا برجم دامەزرا، پاشان ولیەم ئاشور و جەمال مۆشی و جەودەت جوبرائیل پەیوەندیان پێوە کردن، ئەم تیپە یەکەم ئاهەنگیان لە 1977/11/17 لە عەنکاوە سازکرد، پاشان لە ڕێی دەستەی گەشت و گوزار چالاکیان لە شەقڵاوەو مەسیف ئەنجام دەدا (عتۆ، 2021، چاوپێکەوتن)، هەر لەم ماوەیە تیپێکی دیکە لەلایەن فلروق حناو شەوقی یوسف و ئەدیب حنا دامەزرا، ئەم تیپە تا ساڵی 1980 چالاکی هەبوو، بەڵام دوای ئەوە هەندێك لە ئەندامەکانی بوونە سەرباز لە سوپای عیراقی، ئیتر لە چالاکی وەستا .لە گۆرانیبێژە دیارەکانی عەنکاوە ئەمانەن : ڕەمزی مورقس پەترۆس قەساب، لە ساڵی 1959 لە دایك بووە، ژەنیار گیتارەو خاوەنی کۆمەڵێك ئاواز و گۆرانیە و کاسێتێکیشی بۆ منالّان دەرکردووە .دلاوەر مورقس پەترۆس قەساب : لە دایکبووی 1960 ە، ژەنیاری عودو گیتارە، لە حەفتاکان شەش گۆرانی تۆمار کردووە .یوسف سلێوا جرجیس (یوسف عەنکاوەیی)

سالی 1940 هاتۆتە دنیا و لە ساڵی 1958 لە سەر دەستی جەمیل بەشبرو جۆرج عەبدولمەسیح فێری ژەنینی ئامێری عود بووە، لە ساڵی 1973 یەکەم کەس بووە لە عەنکاوە چۆتە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغداو حەت گۆرانی تۆمار کردوەو لە تەلەفزیۆنی کەرکوك پەخش کراوە (هبی، 2017، 369) .

جگە لەمانەش جۆرج ئەلیاس پەترۆس ئەلیاس و سوعاد ئەلیاسی خوشکی وفوئاد تۆما سلێوا یەلدا(فوئاد زمارا) لە گۆرانیبێژە دیارەکانی عەنکاوەن و چەندین گۆرانیان لە کاسێت تۆمار کردووە و لە ئاهەنگەکانی عەنکاوە بەشداریان کردووە (عتۆ، 2021، چاوپێکەوتن). لە هەشتاکان کۆمەڵێك گەنجی دەنگ خۆش و مۆسیقا ژەن هاتنە نێو دنیای هونەری لە عەنکاوە و دەستیان بە کاری هونەری کرد، ئەمانە زۆربەیان لەڕێگای بنکەی لاوانی عەنکاوە کە لە ساڵی 1975 کرابووەوە(هبی، 2017، 364) پەرەیان بە بەهرەی خۆیاندا.ئەم هونەرمەندانە لەڕێی ئاهەنگە کۆمەڵایەتی و بۆنە ئاینی نەتەوەییان بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکرد، هەندێکیان تیپی تایبەت بە خۆیان هەبووەو زۆربەی تیپەکانیش لە سەر ڕیتمی ڕۆژئاوایی دروست کرابوون، وا لە خوارەوە باسی ئەو گۆرانیبێژو تیپانە دەکەین کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو ئیشیان کردووە :

1 : ڕەمزی مورقس پەترۆس قەساب

لە ساڵی 1959 لە دایك بووە و دەرچووی خانەی مامۆستایانە، ساڵی 1976 بێ مامۆستا فێری ژەنینی ئامێری گیتار بووە، لە ساڵی 1976 تیپێکی تایبەت بەخۆی دروست کردووەو تا ساڵی 1981 بەردەوام بووە، لە زۆربەی ئاهەنگە کۆمەڵایەتیەکان و فێستیڤاڵەکانی قوتابخانەکانی سریانی گۆرانی وتوەو لە سەر کاسێت تۆمار کراوە، بەڵام نەچۆتە ئێسگە یان تەلەفزیۆن بۆ تۆمار کردنی بەرهەمەکانی، لە کاتێکدا هیچ ڕێگرێکی یاسایی یان سیاسی نەبووە بۆ تۆمار کردنی بەرهەمەکانی لەم دوو دەزگایە .ساڵی 1981 دەبێتە سەربازو لە کاری هونەری دوردەکەوێتەوە .

2 : دلاوەر مورقس پەترۆس قەساب :

لە ساڵی 1960 لە عەنکاوە لە دایك بووە و دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی موسڵە، ئامێری عودی دەژەنی و ساڵی 1980 لە ڕێی کتێبەکانی فێربوونی مۆسیقا خۆی فێری نوسین و خوێندنەوەی نۆتە کردووە، ئاوازی بۆ شیعری ئەم شاعیرانە داناوەو کردوونی بە گۆرانی، نەزیر بۆیا یەلدا، کامل عیسا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆندا، باسم هورمز نەباتی، ساڵی 1983 فەوزی برای لە شەڕی عیراق ئێران دەکوژرێ و دووچاری خەمۆکی دەبێ، بۆیە لە دوای ئەم ڕوداوە زۆربە گۆرانیەکانی مۆرکی خەمیان پێوە دیارە، دوو گۆرانی بۆ فەوزی برای وتووە، ساڵی 1985-1986 زۆربەی ئەو برادەرانەی کاری هونەریان لەگەڵ دەکرد دەچنە هەندەران، بۆیە چەند گۆرانیەکیش بۆ یادی ئەوان تۆمار دەکا، وەکو : ئەی هاوار دونێ، عەنکاوا یمن، مبور بزنخ دونی، لە ساڵی 1988 یش ئاوازی بۆ دوو هۆنراوەی نادر مۆشێ داناو بە دەنگی خۆی تۆماری کردن، بەناوی خەلێتە هەل ئیدخ، قم زرقتد شمشا تییا .

3 : جۆرج ئەلیاس پەترۆس ئەلیاس :

ساڵی 1952 لە دایك بوەو دوو دبلۆمی هەیە، لە ژمێریاری و مۆسیقا، دەرچووی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ئاوازە(نەغەم) لە شاری بەغدا، زۆربەی کارەکانی لە بەغدا بوەو بە زمانی کوردی و عەرەبی سریانی گۆرانی وتوە، لە فێستیڤاڵی دووەم و سێیەم و چوارەمی بابلی نێو دەوڵەتی بە گۆرانی بەشداری کردووە، هەر لە هەشتاکان ئاهەنگی لە ئوردن و پۆلۆنیاو یوغسلافیاو ئیتالیا سازکردوە، لە ژێر کاریگەری مەقام بێژانی عێراقی محەمەد قوبانجی و یوسف عومەرو نازم ئەلغەزالی دابووە، لە هەشتاکان کامەند بووە لە تیپی مۆسیقای ڕادیۆو تەلەفزیۆنی بەغداو ئامێری عودی ژەنیووە .

4 : سوعاد ئەلیاس پەترۆس ئەلیاس :

لە ساڵی 1968 لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، لە قوتابخانەداو قۆناغی سەرەتایی لەگەڵ هاوڕێ کچەکانی گۆرانی وتووە، لە کۆتایی حەفتاکان ئۆشانا حنۆی ئاواز دانەر دەناسێ، ئۆشانا ئاوازی گۆرانی قریتا ناقوشای پێدەدا، ئەویش لە ئێسگەی بەغدا تۆماری دەکاو لەناو سریانیەکان دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێ، لە هەشتاکان دەچێتە ئێسگەی بەغدا بەشی سریانی و زیاتر لە دوانزە گۆرانی تۆمار دەکا، لەوانە : بنووشین دایم، تری خبر خلی، لەگەڵ ئۆشانای هاوسەریشی بە دوو قۆڵی ئەم گۆرانیانە تۆمار دەکا : قاتوخ بزمرەن، کیل قۆلۆخ، دسبور یا لبی، پاشان سرودێکی نیشتمانی تۆمار دەکا بەناوی سوکولتی یەمی، کە لە ئاهەنگەکانیش دەیووتەوە، بە هۆی ئەمەو لە دائیرەی ئەمن بانگ دەکرێ و تووشی کێشە دەبێ و گەشتی دەرەوەی لێ قەدەغە دەکرێ .

5 : فوئاد تۆما سلێوا یەلدا :

ساڵی 1957لە دایك بووەو بە فوئاد زمارا ناسراوە، لە منداڵیەوە گۆرانی وتووە، لە 13 ساڵیدا لە باخچەکانی عەنکاوە لە ئاهەنگەکان بەشداری کردووەو گۆرانی وتووە، ساڵی 1974 لە یانەی هێرشی هەولێر بەشداری خولێکی فێربوونی مۆسیقای کردووە، ساڵی 1986 کاسێتیکی دەرکرد کە حەوت گۆرانی لە خۆ گرتبوو، لە تەلەفزیۆنی موسڵیش گۆرانیەك تۆمار دەکا.

گەعدە:

لە ناوەڕاستی حەفتاکان جۆرە هونەرێکی دیکە لە ناو کورد لە شاری هەولێر سەری هەڵدا، ئەویش گەعدە بوو یان دانیشتن، تورکمانەکانی هەولێر دەمێك بوو ئەو جۆرە هونەرەیان هەبوو، پێیان دەووت (ئەگلەنجە)، هەندێك لە هونەرمەندانی کوردیش دەستیان بەم جۆرە هونەرە کرد، گرنگترینیان گەعدەیەکی هونەرمەندان تاهیر تۆفیق، حەیدەر بەقال ناسراو بە(حەیدەرە کەچەڵ) و محەمەد جەزا بوو، ساڵی 1976 لە ماڵی (عەبدولغەففار ئەلسائیغ)ی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سازیان کردووە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی، لەم دانیشتنە 15 گۆرانی و مەقامیان تۆمار کردووە(کۆیی، 2021، چاوپێکەوتن)، دوای ئەوان چەند کەسێکی دیکە دەستیان بەم هونەرە کرد وەك: سەعدی عەلی، جەعفەر سەلیم، جەلال سەعید، عوسمان حوسێن، ساڵح سەرچناری، سلێمان سوورە، ڕەحمان قوربانی، ئیسماعیل قوربانی و زولەیخا وەلی، دیارترین بەرهەم دانیشتنەکەی جەلال سەعید و کەریم خەمزەییە، کە لە ساڵی 1978، 12 گۆرانیان لە کاسێت تۆمار کردووە، ئەم بەرهەمە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە شارەکانی کوردستان و زۆر جار ئێسگەی بەغداش ئەم بەرهەمەی پەخش دەکرد.

## تەوەرەی دووەم : چالاکییە شانۆییەکان

بزاقی شانۆیی لە شاری هەولێر بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، یەکەم شانۆگەری لە ساڵی 1921 بە ناوی سەلاحەدینی ئەیوبی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە(هرمز، 2003: 7)، لە ساڵی 1930 هەمان شانۆگەری دووبارە پێشکەش کراوەتەوە(هاوکاری، 1980: 9)، ئیدی لەم ڕێکەوتەوە تا ئەمڕۆ چالاکی شانۆیی بەردەوام بووە، لە سەرەتای حەفتاکان بزاقی شانۆیی بەرەو پێش دەچێ کاتێك کۆمەڵێك قوتابی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و ئامۆژگای هونەرە جوانەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندن تەواو دەکەن و دەگەڕێنەوە شاری هەولێر و چالاکی ئەنجام دەدەن، وەکو تەلعەت سامان، فەرهاد شەریف، سەباح عەبدولڕەحمان، سەعدون یونس، زوهێر عەبدولمەسیح و لەتیف نەعمان و چەندانی تر، کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدەکەین، بە گشتی لە ساڵی 1980 بەرەو دوا ئەم تیپە شانۆییانە لە شاری هەولێر چالاکی هونەریان ئەنجام داوە:

**یەکەم: تیپی شانۆی لادێ**

ئەم تیپە لە ساڵی 1973 دامەزراوە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کشت و کاڵی هەولێر بووە و زۆربەی چالاکیەکانی لە لادێکان بووە و مۆڵەتی فەرمی نەبووە وەکو تیپێکی سەربەخۆ، دیارترین ئەندامەکانی ئەنوەر شێخانی، ئیبراهیم حەکیم، ئەحمەد جەمیل، ڕەسمی جەلال، عەبدوڵلا فەتاح و موئەیەد فەقێ بوون، هەروەها فەتاح خەتاب وەکو دەرهێنەر هاوکاری دەکردن(حەکیم، 2020/10/17)، (فەقێ، 2021/8/13)، ئەم تیپە لە ساڵی 1980 تەنها یەك شانۆگەریان پێشکەش کرد، ئەویش شانۆگەری مام حەسەن دەگەڕێتەوە بوو، لە نووسینی جەوهەر کرمانج کە لە چیرۆکی کوێرەوەری ئیبراهیم ئەحمەد(1914-2000) وەریگرتبوو، دەرهێنانی فەتاح خەتاب، نواندنی ئیبراهیم حەکیم، ئەنوەر شێخانی، خەلیل جەمیل، ڕەسمی جەلال، موئەیەد فەقێ، عەبدوڵلا فەتاح، خەیری محەمەد عەلی،ئیسماعیل عەزیز، شێرزاد ڕەنجەڕۆ و جەوهەر باپیر بوون، ئەم شانۆگەریە هانی ئەوانەی دەدا کە لادێیان بەجێهێشتووە دووبارە بگەڕێنەوە لادێکەی خۆیان و ئاوەدانی بکەنەوە(حەکیم، 2020/10/17).

ئەم بەرهەمە دوا بەرهەمی تیپی شانۆی لادێ بوو، چونکە دوای ئەم شانۆگەرییە تیپی شانۆی لادێ بە بڕیارێك گوازرایەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر (جەمیل، 2020/10/14)، سەرجەم ئەکتەرەکان بەنووسراوی ژمارە641/21 لە ڕێکەوتی 1980/11/20کە لە بەڕێوەبەرایەتی خانەی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر لە تیپی شانۆی لادێ گوازرانەوە بۆ خانەی ڕۆشنبیری جەماوەری مەخمور، کۆیە، رواندز، شەقڵاوە و مەسیف سەلاحەدین، ئەم گواستنەوەیە لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانە بوو کە لەسەر ئەو تیپە بوو لەلایەن هەندێك لەلایەنگرانی حکومەتی عێڕاقی کە خەڵکی گوندەکان بوون، لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەم تیپە هانی خەڵکی دەدا لە دژی حکومەت(حەکیم، 2020/10/17).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم :کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی**

شانۆگەری ئەو پیاوەی بوو بە سەگ: نووسینی ئۆز ڤالدرگۆن، وەرگێڕانی ڕەئوف حەسەن و دەرهێنانی فەتاح خەتاب، ئەم ئەکتەرانە بەشداریان لەم شانۆگەریە کردبوو: ئازاد جەلال(کچە، ئەسعەد عومەر، قاسم عەزیز، پەیمان بەگۆك، بەڕێوەبەری شانۆ قادر سەعید، سەرپەرشتی بەرهەم عەبدولوەهاب تالەبانی، عەبدوڵلا خدر، ئەم شانۆگەریە لە 1980/4/24 لە هۆڵی گەل لە یەکەم فێستیڤالی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی پێشکەش کرا (بایز، 2021/8/10).

**سێیەم: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان / لقی هەولێر**

مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بە نووسراوی ژمارە 7 داوای لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر کرد کە لە ڕۆژی 1980/5/19 لە مەڵبەندی گشتی ئامادە بن بۆ کۆنفراسی کۆمەڵە(بایز، 1999: 20-21)، سەرجەم ئەندامان لە کاتی دیاریکراو ئامادە بوون و کۆنفراس بەسترا و دەنگیان لە سەر حەوت خاڵدا، خاڵی یەکەمیان بریتی بوو لە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بۆ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان و لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکە کاری پێ بکرێ، بەم شێوەیە ناوی کۆمەڵە گۆڕا(بایز، 1999: 21).

1-گێچەڵەکانی حەمە وەی وەی: نووسین و دەرهێنانی تەڵعەت سامان، نواندنی قاسم عەزیز، شوکروڵلا شێخانی، کەمال عەبدوڵلا، جەودەت مەحمود، نەوزاد ڕەمەزان، بەکر مەعروف، عەبدوڵلا خۆشناو، شێرزاد ڕەنجەڕۆ، موحسین محەمە، موئەیەد فەق، زیاد مامەند، جەوهەر باپیر، دڵشاد سامان، کاوە جەلال، فەرهاد ئیسماعیل، خدر عیسا، لە هۆڵی گەل لەڕێکەوتی 8/25 تاوەکو1980/8/30 پێشکەش کرا(محەمەد، 2002: 244)، (بایز، 1999: 46-47)، (شێخانی، 2020/12/13)، (هاوکاری، 1980: 8).

2-بوکی بەفر: نووسینی مەهدی ئومێد و دەرهێنانی تەلعەت سامان، نواندنی ئەسعەد عومەر، ئازادە جەلال، ڕۆژهەڵات مەحمود، تەها فەقێ، موئەیەد فەقێ، دڵشاد سامان، نەوزاد ڕەمەزان، نازەنین عومەر، رەسمی جەلال، جەوهەر باپیر، شێرزاد محەمەد ئەمین، ئازاد عەزیز ئۆمەر، کاوە جەلال، خدر عیسا، زیاد تەها، ئەم شانۆگەریە لە شاری هەولێر لە هۆڵی ئامادەیی ڕزگاری کوڕان لە ڕۆژانی1980/4/28 تاوەکو1980/5/1پێشکەش کرا(هاوکاری، 1980:10)، (هاوکاری، 1981: 9).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### چوارەم: تیپی نەتەوەیی هەولێر

ئەم تیپە لە ساڵی 1980 لەلایەن کۆمەڵێك هونەرمەند دروست کرا، پاش ئەوەی عەبدولئەمیر موعەلە بەڕێوەبەری گشتی سینەماو شانۆ دێتە هەولێر و کۆبونەوە لە گەڵ هونەرمەندانی هەولێر دەکا(یونس، 2021/7/9)، دوای ئەویش موحسین عەزاوی سەرۆکی تیپی نەتەوەیی بۆ نواندن لە عێراق هاتە هەولێرو هانی هونەرمەندانی هەولێری دا کەوا ئەم تیپە دروست بکەن لەوانە: سەعدون یونس، سەباح عەبدولڕەحمان، خەلیل یابە، زاهیر عەبدوڵلا وعەلی ئەحمەدو چەند ئەکتەرێکی دیکە دروست کرا (ڕۆشبیری نوێ، 1982: 84)، (هەریمی کوردستان، 2008: 49)، یەکەم بەرهەمی ئەم تیپە شانۆگەری هەبوو نەبوو بوو، نووسینی قاسم محەمەد، وەرگێڕانی عومەر شێخەڵلا دەشتەکی و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، ئەم تیپە بەم شانۆگەریە بەشداری فێستیڤاڵی شانۆی نەتەوەیی کرد لە بەغدا و خەڵاتی یەکەمیان وەرگرت لە سەر ئاستی هەموو تیپەکانی عێراق(عەبدولڕەحمان، 2020/10/19).

ئەم شانۆگەریە لە نواندنی: سەعدون یونس،ئاواز مەحمود، خەلیل یابە کەریم، سەمیرە سەعدون، عەلی ئەحمەد، سەلام کۆیی، قاسم عەزیز، شوکروڵلا شێخانی، زاهیر عەبدوڵلا، یاسین مستەفا، مەحمود بێوەی، ئەنوەر عەزیز، ئەنوەر شێخانی، جەودەت مەحمود، ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی عێراق وەکو العراق، الجمهوریه بە دوور و درێژی لەسەر ئەم شانۆگەریەیان نووسی (العراق، 1980: 8)، (الجمهوریه، 1980: 9)، ئەم تیپە هەر لە بەغدا شانۆگەریەکە تۆمار دەکەن بۆ تەلەفزیۆن(شێخانی، 2020/12/13).

ئەم شانۆگەریە باس لە دایکێکی داماو دەکا، کە کوڕێکی گێل دەکا، دایکی دەمرێ و بە تەنیا دەمێنێتەوە، پاشان بەخت یاوەری دەبێ و کیژی میری وڵات دەبێتە نسیبی و ئەو ژنە دەتوانێ ئەو گێلە بگۆڕێ و بیکا بە پیاوێکی زیرەك و لێهاتوو، ئەم ئافرەتە خۆی سزادراوە، چونکە لەگەڵ باوکی دەکەوتە دەمەقاڵی و لە وەڵامی پرسیارێکی باوکی، کە دەپرسێ کێ دەبێ ماڵ بەڕێوەببا، هەردوو کچەکەی دی دەڵین پیاو، بەڵام کچەکەی تری دەڵی: ژن وپیاو بە هاوکاری دەتوانن ماڵ بەڕێوە ببەن، دیارە ئەم وەڵامەش میر توڕەدەکا و کچەکەی لەو پیاوە گێلە مارە دەکا، ئەم تیپە دوای گەڕانەوەیان لە بەغدا بۆ ماوەی 9 ڕۆژ ئەم شانۆگەریە لە هەولێریش نمایش دەکەن و جەماوەرێکی زۆر ئامادە دەبێ، کار گەیشە ئەوەی دەرگای هۆڵەکە بشکێنن(یونس، 2021/7/9)، پاشان دەچنەوە شاری بەغدا و لەوێ لە ستۆدیۆی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەلەفزیۆنی بەغدا تۆماری دەکەن و دوای مۆنتاژکردنی دەیدەنە تەلەفزیۆنی تەئمیم(کەرکووك)، (عەبدولڕەحمان سەباح، 2020/10/19)، (ئەحمەد عەلی، 2021/6/22).

**پێنجەم: تیپی ڕۆشنبیری جەماوەر**

لە ساڵی1976 دامەزراوە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر بوو، لە دیارترین ئەندامەکانی، عەلی ئەحمەد، ئیبراهیم حەکیم، چەتۆ حەسەن، ئەنوەر عەزیز، جەلال بەیار و سەلام کۆیی(ئەحمەد عەلی، 2021/6/22)، (حەکیم، 2020/10/17)، یەکەم کاریان لە ساڵی 1980 بریتی بوو لە:شانۆگەری خۆتان بگرن هات، نووسینی محیەدین زەنگەنە، وەرگێڕانی خەلیل یابە و دەرهێنانی سەعدون یونس بوو(یونس، 2021/7/9)، نواندنی خەلیل یابە، مام هەژار، جەودەت مەحمود، زاهیر عەبدوڵلا، عەلی ئەحمەد و ئەنوەر عەزیز و چەند ئەکتەرێکی دیکە، ئەم شانۆگەریە باس لە گەندەڵی حکومەت دەکا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار دەدا دووسەت تۆن پەینی کیمیایی بە دیاری بداتە گوندێك، بەڵام لەبەر گەندەڵی تا دەگاتە گوندەکە تەنها سەت کیلۆ دەمێنێتەوە، موختاریش دەڵێ: سەت کیلۆ زۆرە و کیلۆیەك بەسە، ئیتر بە کەوچکی چێشت دابەشی سەر جوتیارانی دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی نازانن بەکاری بێنن لێیان وەردەگرنەوە، تا یەکێك بچێتە شار و بپرسێ چۆن بەکاربێنن (ئەحمەد عەلی، 2021/6/22).

چالاکییە شانۆییەکانی ساڵی 1981:

**یەکەم: تیپی هونەری هەولێر**

شانۆگەری محەمەدو سێوێ: ئەم شانۆگەریە لە حەیرانێکی حەسەن سیساوەیی وەرگیراوە، زاهیر عەبدوڵلا و نازم دڵبەند بۆ شانۆ ئامادەیان کردبوو(عەبدوڵلا، 2021/3/10)، نواندنی کوردۆ سەعید، جیهان ئەحمەد، فەرهاد شەریف، خەلیل یابە، ڕەنجبەر خۆشناو، تەها ئاغاجان، فەیسەل محەمەد ساڵح، ئەحمەد جەمیل، ئەنوەر عەزیز، بورهان جۆڵا، سیروان عوسمان، دەرهێنانی سەعدون یونس(جەمیل، 2021/10/14)، (خۆشناو ڕەنجبەر، 2021/2/10)، ئەم شانۆگەریە لە هۆڵی گەل پێشکەش کرا و باس لە داستانی ئەوینی محەمەد و سێوێ دەکا، کە چۆن بەربەست و کۆتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ناهێڵێ ئەو دوو دڵدارە بۆ یەك بین، هەروەها باس لە ماوەی حوکمی میر محەمەدی میری سۆران دەکا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەل ئەو پیلانانانەی لێی دەكرێ بۆ لەناوبردنی میرنشینەكەی، ئەم شانۆگەریە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ نمایش كرا، لە ڕۆژی هەشتەم بە بڕیاری دائیرەی ئەمنی هەولێر ڕاگیرا بە بیانوی ئەوەی هانی خەڵك دەدا چەك هەڵگرن دژی حكومەت، دەرهێنەر بانگ كرایە دائیرەی ئەمن و دكتۆر كازم بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر دەیبینێ، سەعدون دەتوانێ دكتۆر كازم ڕازی بكا نمایش بكرێتەوە، ئیتر دووبارە دەست بە نمایش كردنی دەكەنەوە(یونس، 2021/7/9)، پاشان ئەم بەرهەمە بردرا تەلەفزیۆنی تەئمیم و لەوێ وەكو درامایەك تۆمار كرا و هەر ئەو ساڵەش پەخش كرا(جەباری، 2021: 135-136).

**دووەم: تیپی نواندنی هەولێر**

شانۆگەری وەلی دێوانە لە نووسینی شێرزاد عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی هاشم زەینەل، نواندنی ئەنوەر شێخانی، سەمیرە سەعدون، فەیسەڵ محەمەد ساڵح، سەعدون یونس، جیهان ئەحمەد، شلێر محەمەدئەمین، مەحمود ئەحمەد بێوەی، ئەنوەر عەزیز و چەند ئەكتەرێكی دیكە، ، ئەم شانۆگەریە لە كاتژمێر 6 ی ئێوارەی ڕێكەوتی 18-1981/11/23 لە سەر شانۆی ڕۆشنبیری جەماوەر نمایش كرابوو(پرۆگرامی شانۆگەریەكە، 1981)، ئەم شانۆگەریە باسی لە داستانی خۆشەویستی وەلی دێوانە و شەمی دەكرد، بە پشت بەستن بە دیوانەكەی وەلی دێوانە و ئەو نووسینانەی لە سەر ئەم خۆشەویستیە نووسرا بوون(عەبدولڕەحمان حەیدەر، 2021/7/19)، (یونس، 2021/7/9).

**سێیەم: كۆمەڵەی هونەرە جوانەكان / لقی هەولێر**

شانۆگەری ئەی ئەو كەسەی لەوێیە: ئەم شانۆگەریە لە نووسینی ویلیەم سارۆیان و وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی و دەرهێنانی فەتاح خەتاب بوو، ئەكتەرەكانیش ئەمانە بوون : قادر سەعید، ئاواز مەحمەد، نەوزاد ڕەمەزان، سەركەوت كەمال، فەتحی كەریم، (محەمەد عەلی، 2021، چاوپێكەوتن)، لە ڕۆژانی 12-1981/8/17 لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر پێشكەش كرا.

:1982

شانۆگەری قەڵای دمدم:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ساڵی 1982 لە شاری هەولێر تەنها یەك شانۆگەری پێشکەش کراوە، ئەویش شانۆگەری قەڵای دمدمە، کە لە نووسین و دەرهێنانی تەلعەت سامان بووە، دیارە هۆکاری ئەم بێ بەرهەمیە بۆ ئەم خالانە دەگەڕێتەوە:

1- ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان ناویان هات بۆ سەربازی و ڕەوانە کردنیان بۆ بەرەکانی شەڕی عێراق-ئێران (شەمسەدین، 2021/5/3)، (ئەحمەد عەلی، 2021/6/22).
2- ڕاکردنی بەشێك لەو هونەرمەندانە لە سەربازی و خۆ شاردنەوەیان و دوور کەوتنەوە لە نێوەندی هونەری(عەبدولڕەحمان سەباح، 2020/10/19)
3- فشار لە سەر هونەرمەندان و دەرهێنەرەکان بۆ پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمانەی باس لە پاڵەوانیەتی سوپای عێراق و شەڕی قادسیەی سەدام دەکەن، دیارە هونەرمەندان بەم کارە ڕازی نابن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن، تەنانەت هەر دەرهێنەرێك ئەگەر بەرهەمێکی پێشکەش بکردایە، لەسەریان دەسەپاند دەبێ بەرهەمێکیش بۆ قادسیەی سەدام پێشکەش بکات (ئەحەمەد عەلی، 2021/6/22)، (یونس، 2021/&9).
4- هەندێك لەو هونەرمەندانە لە شەڕی عێراق ئیران بەدیل گیران و دوای ماوەیەکی زۆر ئنجا گەڕانەوە، وەکو شێرزاد محەمەد قادر(شێرزاد پۆلیس)، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، هەندێکیشیان بوونە پێشمەرگە وەك: غازی غەفور و مەجید خۆشناو(خۆشناو مەجید، 2021/9/21).
5- تووند کردنی سانسۆر و لیژنەی پێداچوونەوەی دەقی شانۆیی و ڕێگە نەدان بۆ تێپەڕاندن و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر زۆربەی ئەو دەقانەی پێشکەش دەکران، ئەو تاکە شانۆگەریەی پێشکەشیش کرا قەڵای دمدم بوو کە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لقی هەولێر پێشکەشیان کرد(بایز، 1999: 50-51).

شانۆگەری قەڵای دمدم لە نووسین و دەرهێنانی تەلعەت سامان، نواندنی: پەیمان بەگۆك، ئاسایش عوسمان، ئاواز مەحمود، جەوهەر باپیر، فارس سەعدی مستەفا، غازی غەفور، نەوزاد ڕەمەزان، یوسف عوسمان، ڕۆژهەڵات مەحمود، نەبەز جەواد، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، کەریم بایز، عەبدوڵلا پشدەری، فەتحی کەریم، ئەحمەد حەیران(حەکیم، 2021/10/17)، لە ڕۆژانی 27-1982/5 لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر پێشکەش کرا (بایز، 1999: 50-51).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی سێیەم: هونەری شێوەکاری

مێژوونووسان هونەری شێوەکاری بۆ15-20هەزارساڵ پێش ئێستا دەگێرنەوە(سلێمان، 2015: 13)، کاتێك پەیکەری ژنێکیان لە نەمسا دۆزیەوە، پاش ئەویش پەیکەری پیاوێکیان لە یوگسلافیا دۆزیەوە(پیرباڵ، 2006: 8)، لە سەردەمی نوێشدا و لە شاری هەولێر یەکەم کەس کە کاری نیگار کێشانی کردبێ پیاوێکی ئەرمەنی بووە بە ناوی جیهانگیر، وێنەی سروشتی کوردستانی کێشاوە، لە ژێر کاریگەری ئەویش دانیال عەزیز قەساب(1913-2000) دەستی بەکاری هونەری کردووە (شاکر، 2002/8/12)، بە دوای ئەویشدا حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵی 1934 لە شاری ڕواندز چاپخانەیەك دادەنێ و پاشانیش کتێبێکی هونەری بە ناوی (وێنەگرتنی کۆڵین) چاپ دەکا و بڵاوی دەکاتەوە(مستەفا، 2013، 27)، ئیدی لەو ساڵانەدا هونەری شێوەکاری پێش دەکەوێ و چەندین هونەرمەندی وەکو دانیال قەساب، مونیر قەساب، عەزیز سەلیم، جەواد ڕەسوڵ، جابیر پیرداود، تاهیر پیرداود، سولێمان شاکر عارف، محەمەد عارف و ڕەشید عەبدولقادر چالاکی هونەری شێوەکاری ئەنجام دەدەن و پێشانگای تایبەت و هاوبەش دەکەنەوە(پیرباڵ، 2006: 6)، لە ساڵی 1970 بەرەو دوا کۆمەڵێك هونەرمەندی تر وەکو دارا محەمەد عەلی، نامیق عەلی قادر، قەرەنی جەمیل، چەتۆ حەسەن، جەوهەر محەمەد عومەر، نەزیر خەیلانی و عەبدوڵلا ڕەسوڵ مەولود و چەندینی دیکە دەرکەوتن و دەستیان بە چالاکی هونەری شێوەکاری کرد(بایز، 1999: 144)، لە هەشتاکان لە شاری هەولێر کۆمەڵێك هونەرمەندی شێوەکاری چالاکیان ئەنجام دابوو، کە هەندێکیان دەرچووی ئەکادیمیا و پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوون و هەندێکیشیان دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بوون، هەندێك لەمانە لە پەنجاکانەوە کاریان کردبوو، هەندێکیشیان لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکان دەرکەوتن و چالاکی هونەری باشیان ئەنجام دەدا بە کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری لە هەولێر و دەرەوی هەولێر، لەوانە: محەمەد عارف، سولێمان شاکر عارف، چەتۆ حەسەن، فەیسەڵ عوسمان، دارا محەمەد عەلی، نامق عەلی قادر، واحید مەرجان، قەرەنی جەمیل، محەمەد مەولود کۆیی، عەبدوڵلا ڕەسوڵ، عەزیز پیرداود، ڕەهبەر جەلال، ئیبراهیم ئیسماعیل حەمەڕەش، یەحیا مەرجان، موفید حوسێن کەسرە، ئەسکەندەر عوسمان، جەوهەر محەمەد عومەر، کەمال سەعدی مستەفا، مەحمود ئەحمەد بێوەی، حوسێن عەبدوڵلا، نەسرین خدر مەرجان، شێرزاد گەنجۆ ئەحمەد، نەزیر خەیلانی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵگورد عەبدولوەهاب جوندیانی، قاسم سابیر، ئیسماعیل کوێستانی، جەمال مشیر، عەبدولموتەلیب گەردی، رزگار فەقێ عەولا، حەمید جەمال، قاسم سابیر، دلڤین حەسەن حوسێن، ئازا حەسیب قەرەداغی، نەهرۆ مەحمود شەوقی، قاسم عەلی فەرزە(بایز، 1999: 147-148)، (مەلا هەمزە، 2011: 402)، (عومەر، 2021/8/30)، (مشیر، 2021/9/27)، (پیرداود، 2020/10/6).

ساڵی 1980 :

لە 1980/2/25 لە هۆڵی ئەیوبیەی کچان قاسم سابیر پێشانگایەکی هونەری کردەوە و ماوەی سێ ڕۆژی خایاند(مەلاهەمزە،2011: 422)، لە 1980/2/10 دڵڤین حەسەن حوسێن پێشانگایەکی شێوەکاری لە هۆڵی هەمان قوتابخانە کردەوە و ماوەی یەك هەفتەی خایاند (بایز، 1999: 145)، لە1980/6/24 ڕەهبەر جەلال پێشانگایەکی شێوەکاری لە هۆڵەکە کردەوەو ماوەی پێنج ڕۆژی خایاند.

ساڵی 1981 :

لە 1981/9/15 عەبدوڵلا ڕەسوڵ پێشانگایەکی شێوەکاری لە هۆڵی یانەی فەرمانبەرانی هەولێر کردەوەو ماوەی شەش ڕۆژی خایاند و زیاتر لە سی تابلۆی نمایش کردبوو، لە1981/1/20 دارا محەمەد عەلی پێشانگایەکی شێوەکاری کردەوە لە هۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیە و شەش ڕۆژ بەردەوام بوو، 32 تابلۆی نمایش کردبوو(محەمەدعەلی دارا، 2020/2/8)، لە 1981/10/10 جەوهەر محەمەد عومەر دووەم پێشانگای شێوەکاری خۆی لە هۆڵی بارەگای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان کردەوە و 35 تابلۆی نمایش کردبوو، ئەم پێشانگاییە 3 ڕۆژی خایاند(عومەر، 2021/8/30)، زۆربەی تابلۆکانی وێنەی سروشت بوون، بەڵام هێشتا دەستی بەکاری چەقۆ نەکردبوو، بەڵکو هەر بە زەیت تابلۆکانی دروست دەکرد.

:1982

لە 1982/4/16 کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان پێشانگایەکی هێلکاری بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو قاسم عەلی فەرزە کردەوە، لەسەر وەسیەتی خۆی لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر کرایەوە و 3 ڕۆژی خایاند، ئەم هونەرمەندە شێوەکارە هەرلەو ساڵەدا شەڕی عێراق - ئیران کوژرابوو(بایز، 1999: 146)، لە 1982/7/3 پێشانگایەکی هاوبەش بۆ ئازا حەسیب قەرەداغی و نەهرۆ مەحمود شەوقی لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەرکرایەوە و6

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژی خایاند(مەلاهەمزە، 2009: 3150)، (بەرزنجی، 2021/8/8).

**بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان :**

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێرە، وەکو پێشتر باسمان کرد کەوا لە ساڵی 1955 دامەزراوە، لە سێ بەش پێکدێ : شێوەکاری و شانۆو مۆسیقا، یەکەم بەڕێوەبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سوڵتان عەبدوڵلا مەردان بووە، تا ساڵی 1972 بەردەوام بووە، لە ساڵی 1972 فوئاد ئەحمەد سولێمان دەبێتە بەڕێوەبەر و تا ساڵی 1974 بەردەوام دەبێ، دوای ساڵی 1974 جەمال هیدایەت عەبدوڵلا دەبێتە بەڕێوەبەرو تاساڵی 1994 بەردەوام دەبێ(مەرجان، 2021، چاوپێکەوتن).

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دوو جۆر مامۆستای هەبوو، پێیان دەوتن: ڕاهێنەری هونەری و سەرپەرشتیاری هونەری، ڕاهێنەری هونەری خزمەتی کەمبوو، بەڵام سەرپەرشتیاری هونەری خزمەتی زۆربوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە مامۆستای ڕەسمی قوتابخانەکانی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی هەبوو، بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی وانەی مۆسیقا هەبوو، مامۆستای جوڵاو هەبوو کە مامۆستای مۆسیقا بوو لە چالاکی قوتابخانەکان دەوامی دەکرد، دەبوایە حەفتەی دوو وانەی مۆسیقا بڵێتەوە لە دوو قوتابخانەی سەرەتایی(عومەر، 2021، چاوپێکەوتن) .

مامۆستای شێوەکاریش لەگەڵ مامۆستای ڕەسمی قوتابخانەکانی هەر(3) قۆناغ دادەنیشت و ڕێنمایی هونەری دەدا بە مامۆستاکان دەربارەی وانەی ڕەسم، ساڵانە پێشانگای هونەری دەکرایەوە لە شاری هەولێر، یا لەهۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیە یا لە هۆڵی ناوەندی جمهوری کوڕان، ئەم پێشانگا گشتیانە تابلۆی شێوەکاری قوتابیانی هەموو قوتابخانەکانی لەخۆ دەگرت، لەگەڵ خۆشنووسی و زەخرەفە، جاران(3) ڕۆژ ئافرەت دەهاتن دەیانبینی و(3) ڕۆژیش پیاو، زۆر جار ئەمینداری گشتی پەروەردەهات دەیکردەوە(عومەر، 2021، چاوپێکەوتن) .

هەروەها ساڵانە پێشانگای هەرێمایەتی هەبوو، بەڕێوەبەرایەتیەکانی چالاکی قوتابخانەکانی هەموو عیراق بەشداریان دەکرد، ئەم پێشانگایە لە شاری بەغدا و لە هۆڵی وەزیریە دەکرایەوە، مامۆستایانی شێوەکاری لە بەڕێوەبەرایەتیەکان بە چەند تابلۆیەك بەشداریان لەم پێشانگایە دەکرد، دوای تەواوبوونی پێشانگاکە لیژنەیەك تابلۆکانی هەڵدەسەنگاند و ئەوانەی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبوون خەڵات دەکران و سوپاس و پێزانینیش ئاراستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دەکرا، زۆرجار ئەو پێشانگایانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بۆنە نیشتیمانی و حزبییەکان دەکرانەوە، وەکو جەژنی سوپاو یاد و بۆنەکانی دیکە، بۆیە داوا لە چالاکی قوتابخانەکان دەکرا کەوا ئەو تابلۆیانە بنێرن بۆ بەشداریکردن کە لەگەڵ ئەو بۆنانە بگونجێ، هەروەها پێشبڕکییەکی سالانەی نێودەولەتیش هەبوو لە هیندستان، داوا لە هەموو شارەکانی عیراق دەکرا تابلۆی هونەری بنێرن بۆ بەشداریکردن، تابلۆکان لە هەموو شارەکان ڕەوانەی بەغدا دەکراو لەوێشوە دەنێردرایە هیندستان، بەهەمان شێوە یەکەم و دووەم و سێیەمەکان خەڵات دەکران(عومەر، 2021، چاوپێکەوتن).

لە سالانی هەشتاکان ئەو مامۆستایانە لە چالاکی قوتابخانەکان دەوامیان دەکرد :تەحسین تەها،کامەران تەها لە بەشی مۆسیقا بوون، بەیان تەحسین، سەباح عەبدولڕەحمان، تەلعەت سامان، چەتۆ حەسەن، وەلید مەعروف جارۆ لە بەشی شانۆ بوون، جوهەرمحەمەد عومەر، ساماڵ ئیسماعیل حەیدەر، هیام عەبدولکەریم، لە بەشی شێوەکاری بوون، هەر لەو کاتەدا زۆر جار پێشانگای خۆشنووسیش دەکراوەو هەندێك لەوانەی دەستی خۆشنووسیان هەبوو بەشداریان دەکرد .لە وەرزی هاوینانیش خولی فێرکردنی مۆسیقا بۆ منالان دەکرایەوەو ژمارەیەکی زۆر لە منالان بەشداریان دەکردو فێری ژەنینی ئامێرو گۆرانی وتن دەکران، ئەو مامۆستایانەی ئەم خولانەیان بەڕێوەدەبرد وریا ئەحمەد و ڕەنجبەر خۆشناوو جان تۆماس بوون (ئەحمەد، 2021، چاوپێکەوتن)، (خۆشناو، 2021، چاوپێکەوتن) .

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە قەزاکانی کۆیەو ڕواندزو کەڵەك لقی هەبوو، لە ڕواندز زرار محەمەد بەرپرسی بووەو لە کۆیەش مەلاتاهیرو سەردار باب سەردارو زاهیر کۆیی سەرپەرشتیان دەکرد، کۆیەو ڕواندزو کەڵەکیش بەشداریان لەو پێشانگایەی سالانە دەکرد بە تابلۆو کاری دەستی . لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دووچاری تالانی و دزی دەبێتەوەو هەرچی ئەرشیف و ئامێری مۆسیقی و کەل و پەلەکانی دیکەیە هەمووی دەدزرێ و هیچی نامێنیت، بۆیە ئێستا هیچ ئەرشیفێك یان دۆکیومێنتێکی سالانی 1980-1991 لەم بەڕێوەبەرایەتیە بوونی نیە(مەرجان، 2021، چاوپێکەوتن)، هەر لەو سالەدا واتە 1980 لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان خولێکی فێرکاری بۆ گۆرانی و مۆسیقا کرایەوە لەلایەن مامۆستایان وریا ئەحمەد، ڕەنجبەر خۆشناو، سەید ئەحمەد بەرزنجی، جەودەت شاکر، شەریف جەرجیس، تەلعەت عارف، کۆمەڵێك گەنجی شاری هەولێر بەشداریان کرد، کە ئەمانە بوون : ڕزگار

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەبدوڵلا، چیمەن عەبدوارەحمان، سالار شوکر، بەختیار ڕەشید، کامەران عارف، خالید ڕەشید، بە ئامێری کەمانجە، بەفرین تەلعەت، سیروان محەمەد، بژار دیلان، چیمەن عەبدوارەحمان، بە ئامێری گیتار،هیوا تەلعەت، سیروان شوکر، سامان عەبدوڵلا، حەیدەر محەمەد، بە ئامێری ئۆکۆردیۆن، ڕوشدی ئەحمەد، پشتیوان حەبیب، مەهدی ساڵح، ڕیتم، سیروان شوکر، بە ئامێری چەلۆ (نەجمەدین2021، چاوپێکەوتن)، ئەم تیپە دوو گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کرد :گۆرانی بولبول بەنەغمە، گوڵنیشان، ئەم تیپە بەشداری ڤیستیڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکانی دەکرد لەسەر ئاستی عیراق، ساڵی 1982 توانیان لەشاری سەماوە پلەی یەکەم بەدەست بێنن لەسەر ئاستی عیراق (خۆشناو ڕەنجبەر، 2021، چاوپێکەوتن)، (ئەحمەد وریا، 2021، چاوپێکەوتن)، لە ساڵی 1980 لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان خولێکی فێرکاری بۆ گۆرانی و مۆسیقا کرایەوە لەلایەن مامۆستایان وریا ئەحمەد، ڕەنجبەر خۆشناو، سەید ئەحمەد بەرزنجی، جەودەت شاکر، شەریف جەرجیس، تەلعەت عارف .کۆمەڵێك گەنجی شاری هەولێر بەشداریان کرد، کە ئەمانە بوون : ڕزگار عەبدوڵلا، چیمەن عەبدوارەحمان، سالار شوکر، بەختیار ڕەشید، کامەران عارف، خالید ڕەشید، بە ئامێری کەمانجە، بەفرین تەلعەت، سیروان محەمەد، بژار دیلان، چیمەن عەبدوارەحمان، بە ئامێری گیتار، هیوا تەلعەت، سیروان شوکر، سامان عەبدوڵلا، حەیدەر محەمەد، بە ئامێری ئۆکۆردیۆن، ڕوشدی ئەحمەد، پشتیوان حەبیب، مەهدی ساڵح، ڕیتم، سیروان شوکر، بە ئامێری چەلۆ (نەجمەدین2021، چاوپێکەوتن).

## ئەنجام

بزاڤی هونەری لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی 1980-1983 بە هەر سێ بواریەوە (گۆرانی و مۆسیقا، شانۆ و شێوەکاری) هەنگاوی باش و چالاکی دیارییان پێشکەش کردووە، لە بواری گۆرانی و مۆسیقا دا، کۆمەڵێك هونەرمەندی ئەکادیمی و بە ئەزمون، ئەو چالاکییانەیان ئەنجام دەدا، بە سود وەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی، بە تایبەتی تیپی هونەری هەولێر کە میوزیك ژەن و گۆرانیبێژە خاوەن ئەزمونەکان لەوێبوون، زۆربەیان دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بوون و بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەیان لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقا دەکرد، جەمال هیدایەت، وریا ئەحمەد، ڕزگار خۆشناو، ڕەنجبەر خۆشناو، تەلعەت عارف و ئەوانی دی، توانییان ئاستی گۆرانی و مۆسیقا لەو دوو سێ ساڵەدا

زۆر بەرو پێش ببەن و ببێتە جێی سەرنجی هەوادارانی، لە ئەنجامی ئەو هەوڵە گۆرانیبێژی وەك محەمەد جەزا و قادر زیرەك و عارەب عوسمان و نیزام شوکر و جەلال سەعید دەرکەوتن و بەرهەمی هونەری باشیان پێشکەش کرد، ئەگەرچی حکومەتی عێراقی فشاری خستبووە سەریان بۆ تۆمار کردنی سرود و گۆرانی بۆ جەنگی عێراق ئێران و تا ئەندازێك چوونە ژێر باری، بەڵأم ئەمە هەرگیز هەوڵ و ماندووبوونی ئەو هونەرمەندانە ناسڕێتەوە، دیارە لە پاڵ ئەمانەش لە هەولێر کۆمەڵێك تیپی دی هەبوون، کە هەندێکیان لە سەر رێتمی رۆژئاوایی کاریان دەکرد، جگە لەوەش تیپی خانزادی کچان چالاکی باشیان پێشکەش کرد و چەند گۆرانیبێژێکی وەك ڤیان فایەق دەرکەوتن و چالاکییان ئەنجام دا.

لە بواری شانۆشدا لەو چەند ساڵە کۆمەڵێك تیپی هونەری هەبوون و چەندین بەرهەمی شانۆییان پێشکەش کرد، دیارە تەلعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان، سەفوەت جەڕاح و سەعدون یونس ڕۆڵی باشیان بینیبوو لەم بوارەدا و توانییان لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپانەی هەبوون، بینەر بێبەش نەکەن لە بەرهەمی کوردی، نەك هەر ئەوە بەڵکو بەشداری فێستیڤاڵی ساڵانەی شاری بەغدایان کردوە و توانیویانە خەڵاتیش بەدەست بێنن، ئەمەش وایکرد کەوا کۆمەڵێك ئەکتەری بە توانا دروست بن و چالاکی باش لە بواری شانۆدا پێشکەش بکەن، خەلیل یابە، عەلی ئەحمەد، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، فەیسەل محەمەمەد سالح و زاهیر عەبدوڵلا لە نمونەی ئەم ئەکتەرانەن، بەگشتی لە سەرەتای هەشتاکان شانۆ بوژانەوەیەکی باشی بەخۆی دیت و چالاکی باش ئەنجام درا.

لە بواری شێوەکاریش کۆمەڵێك هونەرمەندی وەکو: محەمد عارف، سلێمان شاکر عارف، دارا محەمەد عەلی، قاسم فەرزە، قاسم سابیر، کەریم سابیر، عەبدوڵلا ڕەسول، ڕەهبەر جەلال، دڵڤین حەسەن، جەوهەر محەمەد عومەر پێشانگای تایبەتی خۆیان کردۆتوە و تابلۆی جۆرا و جۆریان نمایش کردووە، هونەری شێوەکاری لە سەر دەستی ئەم شێوەکارانە هەنگاوی باشی ناوە و زۆر بەرەو پێش چووە، بەگشتی هەر سێ بوارەکەی هونەر لەو سێ ساڵەدا بەرەو پێش چووە و بینەری شاری هەولێری بە هونەری ئەکادیمی و ڕەسەن ئاشنا کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پوختە:

مێژووی بزاڤی هونەری لە نێوان ساڵانی 1980-1983 ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، هونەر بە هەر سێ بواریەوە، لە شاری هەولێر بۆ سەردەمی زووتر دەگەڕێتەوە، بەلأم بە شێوە زانستی و ئەکادیمیەکەی بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕیتەوە، لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا کاوێس ئاغا یەکەم کەس بووە لاوکی لەسەر قەوان تۆمار کردووە، لە ناوەڕاستی پەنجاکان تیپی هونەری دەرسیم لە لایەن چەند ئەکادیمییەکی بواری مۆسیقا لە شاری هەولێر دروست بووە و جێ پەنجەی ئەو تیپە لە سەرەتای هەشتاکانیش لە ڕێی تیپی هونەری هەولێر دیار بووە، هەموو تیپە هونەرییەکانی ئەم ماوەیەی تێدایە و ئاماژە بە چالاکییەکانیان کراوە، بەتایبەتی تیپی کچان.
لە بواری شانۆییدا کاتێك بۆ یەکەم جار و لە ساڵی 1926 شانۆگەری سەلاحەدینی ئەیوبی پێشکەش کرا، ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە چالاکی شانۆیی لە شاری هەولێر بەردەوام بووە و لە هەشتاکان زۆر بەرەو پێش چووە، بە هۆی بوونی کۆمەڵێك شانۆکاری ئەکادیمی کە پەیمانگا و کۆلیژی هونەرە جوانەکانیان تەواو کردبوو، هونەری شیوەکاریش لە سەرەتای سییەکانەوە سەری هەڵداوە و لە پەنجاکان زۆر بەرەو پێش چووە، چونکە کۆمەڵێك قوتابی شاری هەولێر پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری بەغدا تەواو دەکەن، لە حەفتاکانیش کۆمەڵێکی دیکە پەیمانگا و کۆلیژی هونەری تەواو دەکەن و هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێر زۆر بەرەو پێش دەبەن، لەڕێی چالاکی قوتابخانەکان و ئەو پێشانگا شێوەکاریانەی دەیانکردەوە، شێوەکاریش لە شارەکە ڕێچکەی زانستی خۆی وەرگرت، مێژووی بزاوتی هونەر لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ەوە تا ١٩٨٣بەشێوەیەک کارابووە.

لەم ماوە مێژووییەی توێژینەوەکەدا جەماوەر بە تامەزرۆییەوە لە پێشهاتە هونەرییەکانیان ڕوانیووە و بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە هونەرمەندانیش چالاکانە لەم دەروازەیەوە پەیامی نەتەوەکەیان گەیاندووە، دوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق-ئێران، بەهۆی فشاری دەسەڵاتدارانی بەغدا لەسەر هونەرمەندانەوە، بوارەکانی هونەری بەگشتی لە پاشەکشەکردندان دابوون، بەتایبەتی بواری مۆسیقا و گۆرانی و شانۆ چاودێری چڕتریان خستبوونە سەر، تەنانەت بەشێک لە هونەرمەندان دەستبەرداری کارەکەیان بوون و بەشێک کۆچیان کرد و بەشێکی دیکەش کرانە سەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کران، ئەو قۆناغە ڕەنگدانەوەی ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد بووە و زۆر جار لە بەرهەمەکانیان

ئاماژەیان بە ستەمی دەسەڵات و هەنگاونان بۆ ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی ئازادی دەکرد، تەنانەت لەبەرهەمە مێژوویەکاندا بەتایبەتی شانۆگەرییەکان بە ئاشکرا مەسەلەی بوون بەدەوڵەتی کوردییان دەورووژاند.

## سەرچاوەکان


1- السامرائی، نزار(2016)، فی قصور ایات الله، عشرون عاما فی سجون ایران، جسور للترجمه والنشر، بیروت.
2- بایز، کەریم(1999)، ئەرشیفی چالاکیەکانی کۆمەڵە1972-1999، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
3- تۆلستۆی، لیۆ، وەرگێڕانی هەژار ڕەحیمی(2009)، هونەر چیە، دەزگای توێژینەوە بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
4- تەنیا، حەسەن(1984)، شانۆو شانۆی کوردەواری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، سلێمانی.
5- جەباری، هاشم(2021)، مێژووی تەلەفزیۆنی کەرکووك1967-1999.
6- عوسمان، خالید عومەر(2020)، خەرمانەی هونەر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
7- قارەمان، حویدەر(2016)، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێر 1975-1991 لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، دەزگای ڕۆسا، هەولێر.
8- کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی ئاواز فاتیح فەرەج(2018)، هەولێر، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
9- کرمانج، تاهیر(2017)، ژیان و هونەر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر
10- مەجید، عەبدولعەزیز(2021)، سەمای فریشتەکان، مێژووی هونەری هەڵپەڕکێی کوردی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
11- محەمەد، موحسین(2019)، مێژووی شانۆی کوردی، ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
12- مەلاهەمزە، مەسعود(2011)، بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر، بەرگی یەکەم، دەزگای کەڤاڵ، هەولێر.
هرمز، صباح(2003)، المسرح الکوردی فی ثلاثة عقود 1970-2000، سەرچاوەکان:
13- دار ادی شیر للنشر والاعلام، عنکاوە-اربیل.
14- هبی، فاروق حنا عتو(2017)، عنکاوا فی ذاکرة ابنائها، اکیلا اینك، اربیل.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاوپێکەوتنەکان:

1- ئەحمەد، وریا،2020/12/16، ناوبراو لە ساڵی 1947 لە دایك بووە، خوێندنی و ناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە، خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە.
2- ئەحمەد، عەلی،2021/6/22، ناوبراو لە ساڵی 1949 لە هەولێر لە دایك بووە، سەرەتایی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە.
3- بەرزنجی، یاسەمین،
4- بایز، کەریم، 2021/8/10، ناوبراو لە ساڵی 1961 لە دایك بووە، خوێندنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی ئامادەیی برینپێچییە و فەرمانبەرە لە وەزارەتی تەندروستی.
5- پیرداود عەزیز، 2020/10/6، لە ساڵی 1961 لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو رکردووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان و کۆلیژی هونەرە جوانەکانە، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر.
6- باوەکر، نەجمەدین، 2021/5/23، لە ساڵی 1961 لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی ئامۆژگای مامۆستایانی هەولێرە، ئێستا خانەنشینە و لە ئەڵمانیا دەژی.
7- جامباز، جەمال، 2021/8/8، ناوبراو لە ساڵی 1950 لە هەولێر لە دایك بووە و دەرچووی سێی ناوەندیە و کاسبکارە و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.
8- جەوهەر، نەجات، 2021/6/3، ناوبراو لە ساڵی 1961 لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە، ئێستا خانەنشینە و لە ئەڵمانیا دەژی.
9- جەمیل، ئەحمەد، 2020/10/14، ناوبراو ساڵی 1956 لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دبلۆم لە هونەری ئۆپێرا لە نرنبێرگ، ئێستا خانەنشینە و لە ئەڵمانینا دەژی.
10- حەکیم، ئیبراهیم، 2020/10/17، ناوبراو ساڵی 1950 لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە
11- حەکیم، ئیبراهیم، 2020/10/17، ناوبراو ساڵی 1950 لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە.
12- حوسێن، جەلال خدر2021/7/16 ناوبراو لە ساڵی 1957 لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانیە و ئێستا خانەنشینە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

13- خۆشناو، ڕەنجبەر، 2021/2/10، ناوبراو لە ساڵی 1955 لە شەقڵاوە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدایە، ئێستا خانەنشینە و لە شەقڵاوە دەژی.

14- خۆشناو، مەجید، 2021/9/21، ناوبراو لە ساڵی 1953 لە شەقڵاوە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدایە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

15- شاکر، جەلال، 2021/7/6، ناوبراو لە ساڵی 1961 لە ڕواندز لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و ئێستا فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیریە.

16- شێخانی، شوکروڵلا،2020/12/13، ناوبراو لە ساڵی 1956 لە کەرکوك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە و لە سوید دەژی.

17- شاکر عارف، سلێمان، 2002/8/12، ناوبراو لە ساڵی 1935 لە ناحیەی گوێڕ لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

18- شەمسەدین، عەبدولڕەزاق، 2021/5/3، ناوبراو لە ساڵی 1954 لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

19- سەرسپی، شێرزاد، 2021/9/2، ناوبراو لە ساڵی 1948 لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی

20- عەبدولڕەحمان، سەباح، 2020/10/19، ناوبراو لە ساڵی 1945 لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

21- عەبدولڕەحمان، سابیر، 2020/6/14، ناوبراو لە ساڵی 1947 لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە و ئێستا خانەنشینە و لە سوید دەژی.

22- عەبدولڕەحمان، حەیدەر2021/7/19، ناوبراو لە ساڵی 1956 لە هەولێر لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

23- عتۆ، فاروق حنا، ناوبراو لە ساڵی 1954 لە عەنکاوە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە عەنکاوە تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانە و ئێستا خانەنشینە و لە عەنکاوە دەژی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

24- عەبدوڵلا، زاهیر، 2021/3/10، ناوبراو لە ساڵی 1958 لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیە و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

25- فەقێ ، موئەیەد، 2021/8/13، ناوبراو لە ساڵی 1956 لە هەولێر لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی.

26- کۆیی، جیهانبەخش، 2021/3/7، ناوبراو لە ساڵی 1950 لە کۆیە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژی

27- موحسین، پایەدار،2021/6/3، ناوبراو لە ساڵی 1961 لە هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی کۆلیژی زانستە، ئیستا فەرمانبەرە لە دەستەی گەشت و گوزار.

28- مشیر، جەمال، 2021/9/27، ناوبراو لە ساڵی 1961 لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی بەغدایە و سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر.

29- محەمەد عومەر، جەوهەر، 2021/9/27، ناوبراو لە ساڵی 1962 لە هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانە، مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان.

30- محەمەد عەلی، دارا، 2021/2/8، ناوبراو لە ساڵی 1950 لە گوندی عەوێنە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و ئێستا خانەنشینە.

31- مەرجان، هوشیار واحید،، 2021/7/15 لە دایك بووی هەولێرە ودەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانە و ئێستا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانە لە هەولێر.

32- هیدایەت، جەمال، 8/8م2021، ناوبراو لە ساڵی 1931 لە شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و ئێستا خانەنشینە.

33- یونس، سەعدون، 2021/7/9، ناوبراو لە ساڵی 1948 لە ڕانیە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و ئێستا خانەنشینە و لە ئەڵمانیا دەژی.

34- هرمز، صباح(2003)، المسرح الکوردی فی ثلاثة عقود 1970-2000،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# History of Artistic Aticivist in Erbil Between Years (1980-1983)

**Asst. Prof. Shwan Muhamadamin Taha**
Department of History, College of Literature, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
Shwan.taha@su.ed.krd

**Osama Jamel ali**
Department of History, College of Literature, Salahaddin Unversity, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
Osamajamel65@gmail.com

***Keywords:*** *Art, Song, Music, Theater, Songer.*

## Abstract

The history of the art movement in the city of Erbil during the years 198-1983

The history of Arts (music, fine art, and theatre) in Erbil goes back to long time ago but academically introduced during 1920s of the last century.

In terms of music and songs, Kawais Agha was the first local singer who recorded his songs (Lawk) on cylinder phonograph. By mid 1950s, a group of academic musicians founded Darseem Music Band. Darseem Music Band had a significant contribution in the development of music and songs at that time. They also contributed to the development of other fields of Art such as theatre.

In early 1980s, the band also had a significant contribution with Erbil Arts Band in the field of theatre. For the first time they did a show about Salahaddin Ayoubi in 1926. Since then theatre and show activities were endured. In 1980s, the theatre movement were developed due to the fact that some Fine Arts Graduates were trained academically and contributed to the development of theatre movement in Erbil.

Similarly, fine arts started in early 1930s. Then, in 1950s, it become more developed as a group of students were returning to Erbil after graduating from Fine Arts in Baghdad. In 1970s another group of Fine Arts Graduates similar to their previous generation colleagues, they also contributed in the development of fine arts in the

city through school activities and opening fine arts exhibitions at that time. Thus, fine arts in Erbil started to take an academic path and this highly welcomed and appreciated by local residents of Erbil in 1983-1980. In particular, most of the activities were conveying nations messages and this was highly welcomed by people. People were eager and looking forward to see new activities by those artists and actors groups. Nevertheless, the political circumstances in Iraq were not supportive to keep the Arts movement going forward.
During the Iraq-Iran war, the situation has changed negatively. Actors and artists were under political pressure by Iraqi government. Especially those artists who were working in the fields of singing, music and theatre. The political pressure by Iraqi regime resulted in decline of the arts movement in the city. Actors and artists were mostly observed by the Iraqi regime agents. This resulted some of actors and artists to leave the field and the home land towards diaspora. Others, were called for military services and sent to the battlefield by Iraqi regime.

**خلاصه:**
هذا البحث تحت عنوان تاريخ الحركة الفنية خلال سنوات 1980-1983 في مركز مدينة اربيل, يرجع تاريخ الفن بمجالاته الثلاث في مدينة اربيل الى زمن بعيد, ولكن باسلوبه العلمي والاكاديمي يعود الى بدايات القرن العشرين, ففي مجال الغناء والموسيقى يعتبر الفنان(كاويس اغا) اول من قام بتسجيل( الحيران) على الاسطوانة, في اواسط الخمسينات تم تشكيل فرقة درسيم الموسيقية من قبل مجموعة من الاكاديميين في مجال الموسيقى, وقد ظهرت بصمات هذه الفرقة في الثمانينات على فرقة اربيل الفنية, وجميع الفرق الموجودة انذاك بما فيها فرقة البنات.
في مجال المسرح عندما تم تقديم مسرحية صلاح الدين الايوبي سنة 1926 في اربيل, استمر النشاط المسرحي, وقد تقدم وتطور بسرعة ملفتة في ثمانينيات القرن الماضي, والفن التشكيلي ظهر في الثلاثينات وتطور في الخمسينات, لان مجموعة من طلاب اربيل قوبلوا في المعهد و كلية الفنون الجميلة في مدينة بغداد, وفي السبعينات اكملت مجموعة اخرى المعهد وكلية الفنون الجميلة, وقد قاموا بتطوير الفن التشكيلي تطويرا ملفتا للنظر, عن طريق مديرية النشاط المدرسي و فتح المعارض لنتاجاتهم الفنية.
الحركة الفنية في سنوات 1980-1983 تطورت تطورا كبيرا, بحيث ان الجمهور الفني تابعوا الاعمال الفنية بشوق كبير, ونظرا للظروف السياسية في ذلك الوقت, قام الفنانون بتوصيل الرسالة الوطنية الراقية لشعبهم, وبعد وقوع الحرب العراقية الايرانية زادت الضغوطات على الفنانين في كل المجالات, مما اضطروامجال الغناء والموسيقى والمسرح, مما اضطر البعض منهم الى الهجرة الى خارج البلد والبعض تم اخذهم للجيش و ارسلوا

الى جبهات القتال, هذه المرحلة كانت مرحلة الاضطهاد ومعاناة للشعب الكوردي, حيث تظهر هذه المعاناة على الكثير من الاعمال الفنية للفنانين في تلك المرحلة, كانوا كثيرا ما يشيرون الى ظلم واضطهاد النظام في اعمالهم و نضال الشعب من اجل الاستقلال والحرية, حتى انهم كانوا يشيرون بصراحة في بعض المسرحيات الى قيام الدولة الكوردية الى الابتعاد عن هذا الوسط, وبالاخص مجال الغناء والموسيقى والمسرح, مما اضطر البعض منهم الى الهجرة الى خارج البلد والبعض تم اخذهم للجيش و ارسلوا الى جبهات القتال, هذه المرحلة كانت مرحلة الاضطهاد ومعاناة للشعب الكوردي, حيث تظهر هذه المعاناة على الكثير من الاعمال الفنية للفنانين في تلك المرحلة, كانوا كثيرا ما يشيرون الى ظلم واضطهاد النظام في اعمالهم و نضال الشعب من اجل الاستقلال والحرية, حتى انهم كانوا يشيرون بصراحة في بعض المسرحيات الى قيام الدولة الكوردية.